حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی حەوتەم

**ئامادەکردنی**

عبدالله عبدالرحمن بابان | واحد حمه صالح حسين | عبدالجبار حمه شريف

ئازاد عمر سيد أحمد | صادق عثمان عارف | خواجه طه شاهين

**وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە**

صادق عثمان عارف

**پێداچوونەوەی زانستی**

د. بشير خليل توفيق | ابوبكر على كاروانى

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

صادق احمد عثمان

**سەرپەرشتی زانستی چاپ:** كريم حسن علي

**سەرپەرشتی هونەری چاپ:** خالد سليم محمود

**نەخشەسازی ناوەوە:** يوسف احمد اسماعيل

**نەخشەسازی بەرگ:** ڕەوەند سعيد صابر

**تایپ:** يوسف احمد اسماعيل - شيماء ياسين اكرم

**فۆتۆ:** شێرزاد رسول فقي

**جێبەجێکردنی بژاری هونەری :** نێرگز نورالدين كاكە مصطفى

چاپی حەوتەم ١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ کوردی

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### پێشەکی:

کتێبی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی - هەنگاوێکی تری پلانی گۆڕانکاری و گەشەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەی ئیسلامییە، کە وەزارەتی پەروەردە بڕیاری لێداوە و ئەرکەکەی سپاردووە بە لیژنەیەکی تایبەت، کە بۆ ئەم ئامانجەی پێکهێناوە.
لەئامادەکردنی ئەم کتێبەدا ڕەچاوی کارێکی گرنگ کراوە، ئەویش گۆڕینی شێوازی نمایشی بابەتەکانە، کە جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ پرۆگرامی پێشوو. ئامانجیشمان وشیارکردنەوەو ناساندنی زیاتری نەوەکانمانە بە ئاین و پەروەردەکردنی بە شێوەیەکی دروستی ئەوتۆ بتوانن ڕۆڵی بەرچاو لە بنیاتنانی ئایندەی نیشتمانەکەماندا بگێرن. هەروەك لە دەستپێکی کتێبەکەکانی پۆلەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکردبوو، ئەرکی لیژنەکەمان لێرەدا کۆتایی دێت و ئەرکەکە دەکەوێتە ئەستۆی پەروەردکارە خەمخۆرەکانمان، کە بەرپرسن لە گەیاندنی ئەم پەیامە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە قوتابییان، لەم ڕێگایەشدا مسۆگەر ئەگەری هەڵە و کەلێن هەیە، بۆیە خوازیارین ئاگادارمان بکەنەوە لەهەر کەموکوریەك بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتودا ڕاستبکرێتەوە. لە کۆتاییدا داوا لە خوای باڵا دەست دەکەین کۆمەکمان بکات بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا.

**خوا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لیژنەی ئامادەکار**

# وەرزی یەکەم

# وانەی یەکەم

# بانگەواز و بنەماکانی لە ئیسلامدا

سەرەتا مرۆڤایەتی یەکدەنگ بوون لەسەر یەکتاپەرستی و باوەڕهێنان و خواناسی، پاشان جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد بانگهێشتیان بکات بۆ خواناسی، هەر لەم ڕوانگەیەوە دیارە کە یەکێك لە ئەرکەکانی پێغەمبەرایەتی بانگەوازبوو بۆ لای خواو پەیڕەوکردنی کاری چاکە، وا لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین:

١- بانگەواز بۆلای خوا: ئەویش بریتییە لە بانگهێشتی خەڵك بۆ وەڵامدانەوەی خواستی پەروەردگار و سەلماندنی بە ڕەفتار و گوفتار لە ناخی خۆیاندا.

٢- گەیاندن بەڕونی: ئەمەش ڕونکردنەوەی پەیامی خوایە بۆ بەندەکان، چونکە پێغەمبەران لە گشت کەسێك بە تواناترن لە تێگەیشتنی مەبەستی ئەو پەیامە.

٣- ئومێد بەخشین و ترسان: ئەوەش دوو بنەمای سەرەکین بۆ چونە ناخی مرۆڤەوە، بەو مەرجەی هاوڕێك بن لەگەڵ پەیامی خوادا. دەرونی مرۆڤ ڕامکراوە لەسەر چاکەخوازی بۆ خۆبەدورگرتنی لە زیان. پێغەمبەران دەبێ ئەو ڕاستییە بەخەڵك بگەیەنن کە بەرانبەر هەر کارێکی پەسند پاداشت و هەر کارێکی خراپیش سزا وەردەگرن.

٤- چاکسازی و پاککردنەوەی دەرونەکان: خوای پەروەردگار بەهۆی پەیامەکەیەوە ئادەمیزاد لە تاریکییەوە دەرباز دەکات بەرەو ڕوناکی، ئەمەش بەدی نایەت لە ڕێگای وەرگرتنی پەیڤ و ڕاسپاردەکانی پەروەردگارەوە نەبێت و کە ناخیان پاکدەکاتەوە و بە بەدیهێنەریان ئاشنایان دەکات.

## وانەی دووەم

## چۆن بانگەوازی بۆ ڕێگای خوا دەکرێت؟

بانگهێشـتکردن بـۆ ڕێـگای خـوا و ئاینەکـەی بەگشـتی و لـە نێـوان خەڵکیـدا، لـە نێـوان ئـەو نەتەوانـەی نوسـراوی خوایـان بـۆ هاتـووە (ئەهلـی کیتـاب) بەتایبەتـی پێویسـتە بـە دانایـی و دادگەرانـە و بـێ زیادەڕۆیـی و ئامانجداربێـت، هەروەهـا گوتارێـك بێـت لەگـەڵ ژیـری و دڵـدا گونجـاو بێـت. نابێـت دانوسـتان و گفتوگـۆ لەگەڵیانـدا بەئاقـاری تونـد و ناچاریـدا ببرێـت .خـوای گـەورە دەفەرموێـت: (ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ) (النحل ١٢٥).
واتـە: خـوا فەرمانـی بـە پێغەمبـەر (د.خ) کـردوە دانایـی بەکاربێنێـت لـە کاتـی بانگەوازیکـردن بـۆ لای خـوا، ڕەوش و دۆخـی ئەقڵـی و دەرونـی و کۆمەڵایەتـی بانگکـراوان ڕەچـاو بـکات. وشـەی نـەرم و ئـارام بێـت بەرانبەریـان تـا لێـی بێـزار نەبـن. لـەوەش بگـەن تەنها مەبەسـتی گەیاندنی هـەق و ڕاسـتییە بـە خەڵـك نـەك هیـچ مەبەسـتێکی تـر و بـە جوانتریـن شـێوە بیاندوێنێـت.

### بانگەواز لە چیدا دەدرەوشێتەوە؟

بانگەواز لە هەردوو پایەکەی شایەتماندا بەرجەستە دەبێت و دەدرەوشێتەوە :

پایـەی یەکـەم - بڕواهێنـان بـە بـوون و تاکـو تەنیایـی خـوای میهرەبـان، یەکتاپەرسـتی لـە قورئانـی پیـرۆزدا بڵندتریـن پلـەی خواناسـینە، کـە مـرۆڤ لـە سەرشـۆڕی و خـۆ بـە کەمزانـی ڕزگار دەکات، لـە واتـای (**أشـهد أن لا الـه الاّ الله**) دا بەرجەسـتە کـراوە.

پایەی دووەم - بڕواهێنان بە پێغەمبەرایەتی محەمەد (د.خ):

ئ- سەلماندن و ڕاستاندنی ئەوەی کە محەمەد (د.خ) پەیامبەری خوا و کۆتا نێردراویەتی.

ب- سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵانەیە کە ئەو هێناویەتی.

پ- پێویستە بزانین جەختکردنەوە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر محەمەدە(د.خ) لەهەر گوفتار و کردار و بڕیارێکدا لە فەرمان و قەدەغەکردن. ئەم پەیامەش لە مەبەستی بەشی دووەمی شایەتومان دایە کە (**أشهد أنّ محمداً رسول الله**) یە.

## خەڵك بە زۆرە ملێ ناکرێت بە ئیسلام:

خوا دەفەرمویت: ( لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ ) (البقره٢٥٦)

ئاینی ئیسلام چاو دەپۆشێت لە نەیارەکانی، لەڕوی بیروباوەڕ و پەرستشەوە و ناچاریان ناکات بێنە ناو ئیسلامەوە، بەڵکو دوای پێڕاگەیاندنیان، بواری بیرکردنەوە و تێرامانیان بۆ دەڕەخسێنێت و سەر پشکیان دەکات لە باوەڕهێناندا، چونکە بەڵگە خواییەکان ڕون و ئاشکران و پێویستیان بە زۆر لێکردن نییە بۆ بە ئیسلامکردنیان، بۆیە هەرکەس شوێن ئیسلام کەوت و وازی لە کوفر و گومڕایی هێنا ئەوا پەیوەست بووە بە ئاینی دروستەوە و بڕوای بەهێز دەبێت و ڕێگای ڕاستی هەڵبژاردووە.

## گفتوگۆ

- ئەو دوو پایە سەرەکییانەی شایەتمان کامانەن؟
- دەستەواژەی (ئیسلام کەس ناچار ناکات، لە هەڵبژاردنی ئایندا، بەڵکو تاك سەربەستە) ڕونیبکەوە و بە ئایەتێکی قورئان پشت ڕاستیبکەوە.

ئەرکی پێغەمبەران لەبەر ڕۆشنایی واتای ئەم ئایەتانەی خوارەوە ڕون بکەوە:

خوا دەفەرمویت:

١- (ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ...) (البقرة ٢٥٧).

٢- (كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ...) (البقرة ٢١٣)

٣- (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ....) (المائدة ٦٧).

# وانەی سێیەم

# خواپەرستی



## واتای پەرستن:

پەرستن، واتا: ملکەچی فەرمانەکانی خوا و بەجێهێنانیان، وەك بەجێهێنانی نوێژ و ڕۆژ و زەکات و حەجی ماڵی خوا و نزا و خوێندنەوەی قورئان و چاکە لەگەڵ دایباب و بەخشین و ڕاستگۆیی و سپاردە و وتەی جوان.

دەکرێت بازنەی پەرستن فراوانتر سەیر بکرێت و گشت کردەیەکی ڕۆژانەی موسوڵمان لەخۆبگرێت لە خۆراك و خەو و کارکردن بۆ بژێوی، گەر بە ڕەوایی (حەڵاڵ)و لە سنوری شەرعی خوادا بوو. هەموو ئەمانە نیشانەی ئاتاجین بەخوای گەورە و تەنها ئەو شایستەی ئەوەیە ملی بۆ کەچ بکرێت، ئێستا دەپرسین: ئایا بۆ موسوڵمان شیاوە ملکەچی جگە لە خوا بۆ هیچ کەس بکەن؟!

## خواپەرستی خۆڕسکە (فطرة)

مرۆڤ بەفیترەتی سروشتی نەگۆڕاوی خۆی خوا دەناسێت و دەشی پەرستێ.

خوا دەفەرموێت (فَأَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗاۚ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ ) (الروم ٣٠).

ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات مرۆڤ بە سروشتی ئاسایی خۆی ڕو لە پەروەردگار دەکات و پەرستن و فیترەتش هاوڕێکن، کوفر و سەرپێچیش دوانەی یاخیبون و پشت لەفیترەتکردنن. ئەو هۆکارانەش دەبنە پاڵنەری پەرستنی شتی تر جگە لە خوا و لە دەرەوەی سروشتی ڕەسەنەوەن و بە کاریگەری دەوروبەر و لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانیەوە سەرچاوە دەگرن.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت ( **كلُّ مولود يُولدُ على الفِطرةِ فأبواه يُهوِّدانه أو يُنَصِّرانه او يُمَجِّسانه** ).

## خواپەرستی خواست و پێویستییە

لە مرۆڤدا بەشێوەیەکی سروشتی پاڵنەری پەنابردن هەیە، بە خوای گەورە تا خواستەکانی بۆ بەدی بێنێت لە کاتێکدا دەستەوستان و لاوازە، ئەمەش وەك پەیوەندیەکی گیانی (ڕۆحی) لەنێوان خوا و بەندەکەیدا، کە دەبێتە هۆی هەستکردن بە هێزێك دەیپارێزێت و سەری دەخات و بژێوی دەداتێ و چارەسەری بۆ دەنێرێت.

## فەرمانی خواپەرستی

ئەم فەرمانە هەر لەسەرەتاکانی بەدیهاتنی مرۆڤەوە هەبووە هیچ گەلێکیش بێ پەیامبەر نەبوون و بانگی خوایی بە هەموان گەیوە، بە پێی ئەم ئایەتە ( وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ) (النحل ٣٦).

خواپەرستی مافی خوایە بەسەر بەندەکانیەوە، سەیر و نامۆیە گەر ئەم مافە

نەسەلمێنرێت پێغەمبەرمان (د.خ) لەم ڕووەوە دەفەرموێت: (مافی خوایە بەسەر بەندەکانییەوە بیپەرستن و نابێت هیچ هاوبەشێکی بۆ دابنێن ). جا ئەگەر پرسیارکرا: بۆچی خواپەرستن ئەرکە و پێویستە لەسەر ئادەمیزاد؟ وەڵامەکەی : چونکە خواپەرستی مافی خوایە بەسەر خوڵقێنراوانی - هەر ئەو بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر و کۆمەککار و چارەبەخش و فریادڕەسیانە.

## پەرستن کردەوەیە

بڕوادار کەسێکە باوەڕ لەدڵیدا جێگیربووبێت، ئەم باوەڕە بە کردەوە دەسەلمێنرێت و پشتڕاست دەکرێتەوە، واتا چوونە قۆناغی کردەیی، لێرەشدا بەرهەمی باوەڕ چرۆدەکات بۆیە وەك لە (حەسەنی بەسری) گێڕدراوتەوە (باوەڕ بە ئاواتخواستن بەدی نایەت، بەڵکو ئەوەیە لە دڵ بچەسپێت و بەکردار بسەلمێنرێت).
کەواتە باوەڕ هاوڕێی کردەوەی باشە و بەو کردەوانەش، مرۆڤ دەبێتە هەڵگری نازناوی (باوەڕداری خواپەرستی ڕاستەقینە).



# وانەی چوارەم

# جۆرەکانی خواپەرستی

## پەرستش چوار جۆرە

١- پەرستشی لە دڵەوە: ئەوەیە کە تاکی باوەڕدار لە دڵیدا بڕوای وابێت خۆشویستن و قین و ترس و ئومێدی هەر لەبەر خوا و بەخوا بێت.

٢- پەرستشی جەستەیی (بەدەنی): ئەنجامدانی نوێژ، ڕۆژوگرتن، حەجی ماڵی خوا ئەگەر توانات هەبوو.

٣- پەرستشی زارەکی: بە یادکردنەوەی خوا و لێپاڕانەوە و خوێندنی قورئان دەبێت.

٤- پەرستش بە سامان: زەکاتدان و سامان بە هەژاران دەبەخشێت.

## شوێنەوار و کاریگەری پەرستشەکان

پەرستشی مرۆڤی باوەڕدار شوێنەوار لەسەر جەستە و ئاکاری دادەنێت و نیشانەکانی باوەڕ، لەسەر ڕوی دەردەکەوێت و شوێنەواری کوفر و گوناهیش دەسڕێتەوە.

کاریگەری شوێنەواری خواپەرستی

١- لەسەر ڕوخساری مرۆڤی باوەڕدار:

لە ڕوخساری مرۆڤی خاوەنباوەڕی خواپەرستدا شێوازێکی باوەڕداری درەوشاوە بەدیدەکرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ( سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ) (الفتح٢٩). واتە: ڕوخساریان ئاکاری باوەڕداری پێوە دیارە، بەهۆی شوێنەواری سوژدە و جێهێشتنی کاریگەری لەسەر ڕوخساریان.

٢- لەسەر ئاکار و ڕەوشتی:

هەستی پێدەکرێت لە ئارامگرتن و لێخۆشبون و ڕاستگۆیی و پاراستنی سپاردە و سۆز و دڵپاکییدا. دڵی مرۆڤی وا لای خوا بە سۆز و بەزەیی و دامەزراو و ئارام و جێگیر وەسفکراوە: ( أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ) (الرعد ٢٨).

٣- لەسەر خێزان و کۆمەڵگا: یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئارام و تەبا، برایەتی و ئاسودەیی و هاوکاری باڵی بەسەردا دەگرێت.

# وانەی پێنجەم

# وەرگرتنی پەرستش لەلای خوا و مەرجەکانی



## خوا بە سێ مەرج پەرستشی بەندەکانی وەردەگرێت:

١- **پەرستکار بڕوادار بێت:**

کاتێك پەرستشی مرۆڤ جێدەگرێت و خوا وەریدەگرێت، دەبێ ئەم مەرجانەنەی تێدابێت: بڕوای بەخوا و فریشتەکانی گشت پەیامەکانی و هەمو پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی و چارەنوس بە خۆشی و ناخۆشییەوە هەبێت، بە پێی ئەم ئایەتە: ( مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ ) (النحل٩٧).

٢- **پەرستش تەنها بۆ خوا بێت:**

واتە باوەڕدار تەنها مەبەستی خوا و ڕەزامەندی ئەو بێت دور لە هاوبەشکاری و بەرژەوەندی و چاوەڕێی سودی دونیایی، بە پێی ئەم ئایەتە: ( فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ) (الكهف ١١٠).

٣- **پەرستشەکە بەپێی سوننەت بێت واتە بێ زیادکردن و کورتهێنان.**

## پاداشتی خواپەرستی

خوای کارساز بەڵێنی بە باوەڕدارانی خواپەرستی پیاو و ژن داوە:

١- پەرستشەکانیان لێوەربگرێت و بۆیان پاشەکەوت بکات وەك دەفەرموێت: (فَٱسۡتَجَابَ لَهُمۡ رَبُّهُمۡ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٖ مِّنكُم ) (أل عمران ١٩٥).

٢- چوونە بەهەشت: خوا دەفەرموێت: ( وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ ) (النساء ٥٧) .

### ڕاهێنان (١)

١- بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بیسەلمێنە، ئیسلام ئاینی فیترەتە.

٢- ئایەتێك بێنە فەرمانی بە پەرستنی خوا کردبێت.

٣- بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) بیسەلمێنە، باوەڕ بە کردەوەی چاك جێگیردەبێت.

٤- فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) بێنە، پشتگیری لەوە بکات خواپەرستی ئەرکی بەندەکانیەتی مافی خۆیەتی لەسەر بەندەکانی.

### ڕاهێنان (٢)

١- کە دەڵێین: (خواپەرستی خواست و پێویستییە) ئەم دەستەواژەیە ڕونبکەوە.

٢- ئەم برگەیە چی دەگەیەنێت (خواپەرستی کاریگەری لەسەر جەستەی مرۆڤ جێدەهێڵێ).

٣- مەرجەکانی وەرگرتنی پەرستش لای خوا، چین؟

٤- خوای پەروەردگار بەڵێنی پاداشتی گەورە و باشی بە باوەڕدارانی خواناس داوە. ئەم دەستەواژەیە ڕاڤە بکە.

## ڕاهێنان (٣)

| ستونی یەکەم بە ستونی دووەم بگەیەنە بەپێی گونجان: | |
|---|---|
| ١- خوێندنەوەی قورئان پەرستشێکی | جەستەییە |
| ٢- حەجکردن پەرستشێکی | سامانیە |
| ٣- زەکاتدان پەرستشێکی | نێودڵە |
| ٤- خۆشویستنی خوا پەرستشێکی | زارەکییە |

## ڕاهێنان (٤)

**وەڵامی ڕاست لە نێوان کەوانەکاندا بۆ ئەم بۆشایانەی خوارەوە هەڵبژێرە:**

١- سەیر لەوەدانییە خوای گەورە مافی پەرستنی بەسەر بەندەکانەوە هەیە، بەڵام سەیر و نامۆ ئەوەیە....................(ئەم مافە پێشێل بکرێت- جێبەجێکرێت- مافەکە بەهێزبکرێت).

٢- هەر کەسێك پەیوەندی گیانی بە خواوە نەبێت.........(دڵەڕاوکێی نابێت - کۆمەك و پارێزگاری نابێت).

## چالاکی

**مامۆستا داوا دەکات کە قوتابییان ئەم دیمەنە نمایش بکەن:**

**گفتوگۆیەك سەبارەت (پەرستش) لەنێوان شاهۆ و سەرداردا.**

- شاهۆ بە سەردار دەڵێت: من وا دەزانم پەرستش تەنها نوێژ و ڕۆژ و ناگرێتەوە.
- سەردار: ئەی چیتر دەگرێتەوە؟
- شاهۆ: بۆم ڕون بۆتەوە دەکرێ کە پەرستش لە کار و ئەرکی ڕۆژانەشدا هەبێت.
  وەك: وەرزش و خواردن و نوستن.
- سەردار: ئەم زانیارییانەت چۆن دەستکەوت؟
- شاهۆ: لە ڕێی وتاری هەینی، مزگەوتەکەی نزیك ماڵمانەوە.
- سەردار: کەواتە، بەردەوام دەبین لە نوێژ و ڕۆژوەکانمان و ژیانی ڕۆژانەشمان بەشێوەیەکی دروست و ئاسایی بەسەر دەبەین، هەموشی پەرستشە.

# وانەی شەشەم
# مافی خزمایەتی و گەیاندنی



ئەمە پەیوەندی و مافە لەسەر یەكتری لەنێوان كەسوكاردا، لەو ئەركە پیرۆزانەیە كە لە ئاینی ئیسلامدا دەبێتە هۆی بەهێزكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و تاكەكان پێكەوە دەبەستێتەوە، هاورێكیشە لەگەڵ فیترەتی پوخت و شەریعەتی پیرۆزیش دانی پێدانـاوە. بۆیە پێغەمبەری خوا (د.خ) خزم و كەسوكاری هانداوە، هەمیشە ئەو پەیوەندیانە توند و تۆڵ ڕابگرن لەنێوانیاندا دەفەرموێت. ( **مَنْ كان يؤمنُ باللهِ و اليومِ الاخرِ فليصلْ رَحِمَه**) واتە هەر كەسێك بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با پەیوەندی و سەردانی خزمایەتی ڕابگرێت.

**ڕاگرتن و پەیوەندی نێوان خزمانیش واتە: چاكەكردن لەگەڵیان بەم ڕێگایانەی خوارەوە:**

١- خۆماندوكردن لەپێناو یەكتریدا.

٢- سودگەیاندنی جەستەیی.

٣- سودی دارایی و سامان پێدان، بەپێی پلەی كەسایەتی و پێویستی.

گەر ئەم خاڵانەش بەئاسانی بەدەستەوە نەهات، ئەوا بە ئاكاری جوان دەكرێت لە:

ئـ- وشەی جوان.

ب- ڕوی خۆش و كراوەیی.

پ- نەرمونیانی.

ت- باڵی میهرەبانی ڕاخستن و هەر ئاکارێکی تر کە خۆشەویستی زیادبکات.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (پەیوەندی کەسوکار زیندو ڕابگرن با بەسڵاو کردنیش بێت ). فەرمودەکە پلەی (باشە)ی هەیە.

کەسانێك هەن مامەڵە بەهاوتایی دەکەن لەگەڵ بەرامبەردا، ئەمەش لە ئیسلامدا پێی ناوترێت (صلة الرحم) بەڵکو ئەوە چاکە بە چاکەیە و لە نێوان گشت کەسدا پیادە دەکرێت، بەڵام گەیاندن و ڕاگرتنی خزمایەتی پێویستە بێ چاوەڕێی بەرانبەر بێت و مەبەست ڕەزامەندی خوابێت و بەس. ( ابو هُريرة) لەپێغەمبەر (د.خ) دەگێڕێتەوە کە خوا فەرمویەتی: ( **انا الرحمن الرحيم خلقت الرَّحِمَ و شَقَقْتُ لها اسماً من اسمي، فمن وصلها وصلته و من قطعها بَتَّتُه**) واتە (منم ڕەحمان، پەیوەستی خزمایەتیم بەدیهێناوە و لەناوی خۆم پێکمهێناوە، هەرکەس بەجێیهێنا منیش پەیوەندیم لەگەڵی دەبێت و ئەوەی دایبڕێت، لەگەڵی دادەبڕێم، هەرکەسیش بەردەوام بوو لە جێگیرکردنی، منیش چەسپاوی دەکەم، سۆز و بەزەیی من پێش ڕق و قینم کەوتوە).

لەم فەرمودەیەدا (پەیوەندی خزمایەتی) و هاموشۆ و سۆز لەگەڵ خزمان و سەردانیان بەهەند و گرنگ وەرگرتوە، **دووجۆر پەیوەندیش هەیە:**

١- **گشتی:** واتە پەیوەندیی ئایین کە پێویستە بەردەوام بێت و بە چاکەی دوولایەنە و ئامۆژگاری و دادوەری و مافپارێزی و ویژدان بەکارهێنان بپارێزرێت.

٢- **تایبەت:** بەخەرجکردنی سامان بۆخزم و هەواڵ پرسی و لێبوردەیی لە هەڵەکانیان دەبێت.

## چاکەی سۆز و بەزەیی پەیوەندی خزمایەتی (سیلەی ڕەحم) و بەرهەمەکانی:

١- گەیاندنی سۆز و بەزەیی، پەرستنی خوایە (جل جلاله).

٢- گەیاندنی ڕەحم دروشمی باوەڕداری ڕۆژی دوایی.

٣- دەبێتە هۆی گەیاندنی سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و میهرەبانی بە کەسانی سەردانیکراو و کاریان بۆ ئاسان دەبێت و لە تەنگژە ڕزگار دەبن.

٤- ڕەزامەندی و سۆزی خوا بۆ بەندەکانی خوا دەستەبەر دەکات.

٥- پاداشتی گەیاندنی سۆز و بەزەیی (پەیوەندی خزمایەتی) زۆر بە پەلە دەدرێتەوە.

٦- هەڵە و ناتەواوی بەندەکانی لای خوا پێدەسڕێتەوە.

٧- دەبێتە هۆی بەرەکەت (پیت و فەڕ) لە ڕۆزی و تەمەندا.

٨- ئاوەدانی لێدەکەوێتەوە.

٩- هۆکارێکی گەورەیە بۆ گەیشتن بە بەهەشت.

# وانەی حەوتەم
# ئادابی سەردان و دەستگرتن

**پێویستە چەند ئاداب و ئاکارێکی پەیوەست بە گەیاندنی سۆز و خۆشەویستی فێرببین، لەوانەش:**



**ئاکاری یەکەم - مەبەست و نیاز پاکی و دڵسۆزی.**

خوای پەروەردگار تەنها کارە پوختەکان وەردەگرێت، بۆیە پێویستە مرۆڤ پابەند بێت بە ڕاستگۆیی و پاکی لە پەیوەندیی خزمایەتیدا و نیازی ئەم کارەی لەبەر خوا بێت، نەك بۆ ڕوپایی و ناوبانگ و خۆپیشاندان.

**ئاکاری دووەم - لە نزیکترین کەسییەوە دەستپێبکات:**

واتە پەیوەندی خزمایەتی بۆ کەسە هەرە نزیکەکان پێویستترە، وەك دایبان و... هتد.

پێغەمبەر (د.خ) لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە: شایستەترین کەس بۆ پەیوەندی خزمایەتی، فەرموی: ( دایکت، پاشان دایکت، پاشان هەر دایکت، ئینجا باوکت و ئینجا کێ نزیکترە ).

**ئاكاری سێیەم - لە پەیوەندی و گەیاندنی ڕەحمدا ڕەچاوی ئەوەیان بکە زیاتر لە خوا ترسترە:**

بەواتای ئەوەی: کام لە خزمانت لە خواترستر بوو، کەسێکی پارێزکار و چاکتربوو، مافی (سیلەی ڕەحمی) زیاترە. هەروەها گەیاندنی ڕەحم بۆ کەسوکاری بێ بڕواش دروستە بەتایبەت گەر مەبەست بەجێهێنانی ئەرکی ئاین بێت.

**ئاکاری چوارەم - شادکردنی خزمان:**

بەهەر شێوازێك بگونجێت، وەك: سەردان و بەسەرکردنەوەیان بەتایبەت لەبۆنەکاندا وەك جەژن و لەدایکبون و ئاهەنگی هاوسەرگیری. هەروەها لە ڕێگای تەلەفۆن ونامە بۆ ناردن و دیاری ناردن، هەواڵ پرسین و سەردانی نەخۆش و لێدانەبڕانیان. ئەم ئاکارانە بناغەن بۆ خۆشەویستی و پەیوەندی توندوتۆڵ.بەم شێوەیەش دەتوانین دڵی یەکدی خۆش و شاد بکەین.

## گفتوگۆ

**١- وەڵامی ڕاست لەنێوان کەوانەکاندا هەڵبژێرە:**

١- ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەپارێزێت، ئەوەیە: ( لەو کەسە دادەبڕێت کە هاتوچۆی نەکات - پاداشت لەسەر چاکە دەدات- تەنها لەبەر خوا خزمایەتی ڕادەگرێت)

٢- لە ئاکارەکانی سیلەی ڕەحم ئەوەیە، کەس و لایەنی ڕاگری پەیوەندی خزمایەتی چاوەڕێی (کرێ- پاداشت- پاداشتی خوا) لە بەرانبەر بکات.

٣- ڕاگرتنی پەیوەندی خزمایەتی لە نێوان کەسوکاردا ( خۆشەویستی و ڕێز - قین و ڕقبونەوە- دوری لە یەکترگرتن) دەچێنێت.

**٢- کەسایەتی (خزمایەتی) ئەو ناوانەی خوارەوە پلە بەندی بکە:**

١- ئامۆزا ٢- باوك ٣- برا ٤- دایك

**٣- دوو شێوازەکەی گەیاندنی ڕەحم، کامانەن؟ بیاننوسە.**

٤- ئـەم فەرمودانـەی خـوارەوە، ئامـاژە بـەكام بەرهـەم و ڕێـزداری شایـستە بـە گەیاندنـی ڕەحـم، دەكـەن:

١- فەرمودەی: ( **لا يَدْخلُ الجنَّة قاطِعُ رحم** ).

٢- فەرمودەی: ( **مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ لَهُ فِي رِزْقِهِ أَوْ يُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ** ).

٣- فەرمـودەی: ( **صِلَـة الرحـم وحسـن الجـوار وحسـن الخلـق يُعمِّران الديـار ويزيـدان فـى الأعمَـار** ).

٤- فەرمـودەی: ( **اهـل الجنـة ثلاثـة: ذو سـلطانٍ مقسـط متصـدق موفـق. ورجـل رحيـم رقيـق القلـب لـكل ذى قربـه ومسـلم. وعفيـف متعفـف ذو عيـال** ) صحيـح رواه مسـلم.

٥- فەرمودەی: ( **قال الله تعالى حقَّتْ محبتي للمتحابين فيَّ...** ) (صحيح رواه أحمد).



# وانەی هەشتەم
# ڕەوشت و بەها باڵاکانی موسوڵمان



مرۆڤی باوەڕدار خاوەنی ڕەوشتی بەرزە کە خوای گەورە فەرمانی پێدەکات و پێغەمبەرمان (د.خ) جەختی لێدەکاتەوە بە فەرمودەی: ( **انما بعثت لأتممّ مكارم الاخلاق**).

بە ڕەوشتی بەرز کەسێتی مرۆڤی باوەڕدار مەزن دەبێت و ئاکاری خاوێن هاوتەریبی باوەڕی پتەوە لە ژیانی مرۆڤی موسوڵماندا. تا باوەڕیش بەرز و دروست بێت پێگەی خاوەنەکەشی بڵند دەبێت.

قوتابی خۆشەویست، ئەگەر پابەندی بەها باڵاکانی وەك پوختی و لێبوردەیی و ئارامگرتن و شەرم و هاوکاری و وەفا دەبێت، **ئەوا هەنگاو بەرەو چەند ڕەوشتێکی گرنگ دەنێیت لەوانەش:**

١- داوێنپاکی: کە بریتییە لە خۆپارێزی لە گشت حەرامێك بە تایبەتی داوێن پارێزی لە بەدڕەوشتی و کاری ئابڕووبەر.

خوای گەورە فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە داوێنیان بپارێزن و خۆڕاگربن لە بەر شاڵاوی

ئارەزوبازیـدا و خـۆ لەسـەرەتاکانی بپارێـزن. چونکـە مـرۆڤ بـەرەو هەڵدێـر دەبـات و دواتـر ناتوانێـت بەسـەر ئارەزووەکانیـدا زاڵ بێـت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ) (الاسراء٣٢).

ناکرێـت مرۆڤـی بـاوەڕدار بـەدوای کاری بێـزراوی وادا بگەڕێـت بەڵکـو داوێـن پیسـی و بـاوەڕ لەیـەك کاتـدا کۆنابنـەوە لـە کەسـێکدا وەك پێغەمبەرمـان(د.خ) دەفەرموێـت: (**لا يزنـي الزانـي حيـن يزنـي وهـو مؤمـن**).

مرۆڤـی موسـوڵمان زۆر لـەوە بـەرز و بەڕێزتـرە، کەسـێتی خـۆی دابەزێنێـت بـۆ ئـەو ئاسـتە نزمە، کـە شایسـتەی ئـەو نییـە، کاری داوێنپیسـی بـکات پێویسـتە موسـوڵمان بـە وشـیارییەوە هەنگاو بنێـت و ئەقڵ بەکاربێنێـت، کـە ڕێنمایـی دەکات بـۆ بەهـای داوێنپاکـی.

## بەرهەمی بەهای داوێنپاکی:

١- پاراستنی ناموس.

٢- ناوبانگی باش و بڵند.

٣- متمانەی نێو خەڵك.

٤- کەسێتی هاوسەنگ.

٥- پاراستنی تەندروستیی جەستەیی.

٢- **سـپاردە:** بـە واتایـی خـۆ دور گرتـن لـە فێـڵ و دزی و ناپاکـی و پاراسـتنی سـپاردەی قسـە و سـامان و هـەر نهێنیـەك.

## جۆرەکانی سپاردە:

ئـ- جۆرێکیـان سـپاردەی ئـەو قسانەیە کـە لای کەسـێکی تـر دەکرێـن و قسـەکەر ئەمـلاو ئـەولا دەکات بـە مەبەسـتی ئـەوەی کەسـێکی تـر ئـاگادار نەبێـت، یـان کـە بـە بەرامبـەر بڵێـت ئەمـە قسـەی نێوانمـان بێـت، ئەمـەش دەبێتـە سـپاردەیەکی گـران و ئەرکێکـی پێویسـت. پێغەمبـەر دەفەرموێـت (د.خ): (**اذا حـدّث الرجـل الحديـث ثـم التفـت، فهـي أمانـة**).

ب- جۆرێکـی تـری سـپاردە، بابەتـی دارایـی و سـامانە، کـە دەدرێتـە دەسـت کەسـێکی تـر و دەچێتـە ئەسـتۆی و پێویسـتە بـە دەسـتپاکی و بـێ دەسـتکاری بیداتـەوە دەسـت خاوەنەکـەی.

باشـترین پێشـەنگی مێژویـی بـە پشـتگیری قورئـان لـە سـپاردە پارێزیدا یوسـف پێغەمبـەرە (د.خ)

وەك قورئان دەفەرموێت: (قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ ) (یوسف ٥٥).

پ- هەندێك جار سپاردە لە مامەڵە و فرۆشدایە واتە فێل نەكردن لە ئالۆویڵ و جۆری كاڵادا كە پێویستە بەپێی پێوەرە شەرعیەكان بێت.

پێغەمبەرمان (د.خ) بەلای خۆراكفرۆشێكدا تێپەڕی بینی خۆراكەكەی ئاوی زیادەی تێدایە لێی پرسی هۆكارەكەی چییە، گوتی: باران تەڕی كردووە، سەروەر فەرموی: تەڕبووەكەت لەسەرەوە داناوە تا خەڵكی ببینن ..؟ جا فەرموی: ( **من غشّ فليس منيّ** ).

ئەمە ئامۆژگارییە بۆ گشت فرۆشیارێك كە كاڵاكەی بە درۆ و فێڵ ساغ نەكاتەوە.

### سیماو بەرهەمەكانی بەهای سپاردەپارێزی:

یەكەم- ناوبانگی باش.

دووەم- متمانەی نێوخەڵكی.

سێیەم- دڵسۆزی و پوختی لە كاردا.



# وانەی نۆیەم
## شەرمکردن



شـەرمکردن ڕەوشـتێکە، دەبێتـە هـۆی وازهێنان لە کاری ناپەسـند و کەمتەرخەمـی نەکردن لە بەجێهێنانـی مافـی خـاوەن مافدا. ئـەم ڕەوشـتە یەکێکـە لـەو تایبەتمەندییانـەی کـە موسـوڵمان لە کەسـانی تـر جیادەکاتـەوە، وەك لـەم فەرمودەیـەی سـەرەوەردا (د.خ) هاتـووە: ( **ان لـکل دین خلقاً، وخلق الاسـلام الحيـاء**).

شـەرمکردن ئەدگارێکـی جوانـە و پتـر جوانیـش بـە ڕەوشـت و ئـاکاری خاوەنەکـەی دەبەخشـێت، گوڵئاسـا باخچـە دەڕازێنێتـەوە و سـەرنجی تەماشـاوانانی بـۆ خـۆی ڕادەکێشـێت. هـەر لـەم فەرمودەیـەدا ئـەم ڕاسـتیە دەردەکەوێـت پێغەمبەرمـان (د.خ) دەفەرموێـت: ( **ما كان الفحش فـی شـيءٍ قـطّ الاّ شانه، وما كان الحيـاء فـی شـيءٍ قـطّ الا زانه**). پێغەمبـەری مـەزن (د.خ) بـۆ خـۆی باشـترین سـیمای شـەرمی هەبـوە و بـە لقێکـی بـاوەڕی هەژمارکـردوە.

ئـ- **شـەرمکردن لـە خـوا:** بڵندترین پلـەی شـەرمە. تـۆی قوتابـی گەشـە دەکەیـت و بەخششـەکانی خـوای میهرەبـان لـە جەسـتەی خـۆت و ڕۆزی و کەشـوهەوای زەوی و زۆر شـتی تـر، کـە لەژمـارە نایـەن ڕونتـر هەسـت پێدەکەیـت. ئایـا خاوەنـی ئـەم بەخششـانە شایسـتەی شـەرملێکردن نییـە؟

ب- **شەرمکردن لە دایباب:**

لە نیشـانەکانی پـەروەردەی دروسـت شـەرمکردنە لە دایبـاب، هەروەهـا گوێڕایەڵیـان، هاوکاریکردنیان، بەدەمـەوە چونیـان لـە ناسـاغیاندا، بـە ئارامـی و هێواشـی و نەرمونیانـی دواندنیـان، خـۆ دورگرتـن لە توندوتیـژی بەرانبەریـان، ئەمانـە هەمـوی دەرەنجامـی شـەرمکردنن، چونکـە ئـەوان بـە سـۆزبوون لەگەڵـت شـەویان بەبێـداری بەسـەر بـردووە، لـە کاتـی نەخۆشـیتا لـە ئامێزیـان گرتـووی، تێریـان کـردووی، کەواتـە شـەرمەزاریە وەڵامیـان بـە ئـاکاری جوانتـر نەدەیتـەوە.

پـ- **شەرمکردن لە پەروەردکاران و مامۆستایان:**

دەبێـت مـرۆڤ بـە شـەرم و ئـارام بێـت، بەرانبـەر مامۆسـتا، چونکـە پـەروەردە و زانیـاری پێدەبەخشـن ئاینـدەی بـۆ مسـۆگەردەکات، دەبـێ مـرۆڤ بـە ڕوی گەشـەوە، بـە دەنگـی هێواشـەوە بـە دەریایـەك لـە ڕەوشـتی بـەرزەوە، چۆکـی ئـەدەب لـە بەردەمیانـدا دابنێـت، گوێڕایەڵـی داواکانیـان بێـت، لـە تاقیکردنـەوەدا سـەر ڕاسـت بێـت، ئامۆژگاریـان لێوەربگرێـت.

ت- **شەرمکردن لە گوفتاردا:**

**لە دوو بواردایە:**

**یەکەم- ئادابی ئاخاوتن:**

تـا دەتوانیـت وشـەکانت کـورت و بەپێـی پێویسـت بێـت، چونکە هەر وشـەیەك لێپرسـینەوەی لەسـەرە، هەروەهـا مافـی گوێگـران ڕەچاوبکـە و بێزاریـان مەکـە، بـەزۆر قسـەکردن، زۆر گوتـن تەنگـژەی بـە دواوەیە.

هەروەهـا گاڵتەکـردن کەمبکـەوە، چونکـە سـامی مـرۆڤ ناهێڵێـت و خـۆت لـە وتـەی بـێ بنەمـا و بـێ مەبەسـت بپارێـزە، جنێـو بەکـەس مـەدە، بـەم شـێوەیە ناحـەزت نابێـت و توشـی کێشـە نابێـت.

**دووەم- دەنگ:**

با دەنگت بە ئەندازەی پێویست بێت، هەستی گوێگر بریندار مەکە. خوای گەورە دەفەرموێت:

( وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ). (لقمان١٩)

جـ- شەرمکردن لە پۆشیندا:

ئاینی ئیسلام سنور و ئەندازەی پۆشاکی شایستەی بۆ پیاو و ژنی موسوڵمان دیاریکردووە، بۆ پیاوان داپۆشینی نێوان ناوك و ئەژنۆ. بۆ ژنان جگە لە دەست و ڕوخسار، شوێنەکانی تر بپۆشێت، ئەمە سنوری خوایە سەرپێچیکردنی بەزاندنی ئەو سنورەیە کە بۆمانی دیاریکردوە.

## ڕاهێنان (١)

١- فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) بێنە موسوڵمانان ئاگاداربکاتەوە، کە باوەڕ و کاری داوێنپیسی پێکەوە و لەیەك کاتدا کۆنابنەوە.

٢- فەرمودەیەکی تر بێنە داوای سپاردە، پارێزی لە قسەی نهێنی بکات.

## ڕاهێنان (٢)

١- سیماکانی بەهای داوێنپاکی چین (کامانەن)؟

٢- بەهای سپاردە پارێزی چییە؟

## ڕاهێنان (٣)

**وەڵامی ڕاست لەنێوان کەوانەکاندا بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە هەڵبژێرە:**

١- موسوڵمانی داوێنپاك جیادەکرێتەوە بە ................ (میوانداریکردن - ناوبانگی باش - زیرەکی)

٢- ئەدگاری شەرمکردن ڕەوشتی خاوەنەکەی ................ (دەڕازێنێتەوە - لەکەدار دەکات - دەڕوخێنێت)

٣- گەر بەسپاردە ماڵێك درایە دەست یەکێك ................................ (دروستە دەستی بەسەر دابگرێت - پێویستە بیپارێزێت - دەتوانێت خەرجی بکات)

٤- گەر موسوڵمان لە پەتای بەدڕەوشتی دوربێت ئەوا ................................ (لەکاریگەری پارێزراوە - پتر ئارەزوی دەکات - ژیریی کەمدەکاتەوە)

# وانەی دەیەم

## بەرپەرچدانەوەی خراپەکاری به چاکەکردن





پێویستە ڕۆڵی مرۆڤی موسوڵمان لە کۆمەڵگادا دیار و لەبەرچاو بێت، ئەو وەك پزیشكێكە چارەسەری نەخۆشی دەكات، یان وەك مامۆستایەك قوتابییانی پەروەردە دەكات، لەبەر ڕۆشنایی و لەسەر ڕێباز و ڕێپیشاندانی پەیامی دروستی ئیسلامدایە، بە ئاوازێكی هۆشیارانە و هەستێكی پاكەوە ئاكار دەنوێنێت، هەڵە بە هەڵە و خراپە وەڵام ناداتەوە. وەك لە قورئاندا خوای گەورە فەرمویەتی: (وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمًا) (الفرقان ٦٣).
پێویستە تاكی موسوڵمان بە ڕەفتار و گوفتار بیسەلمێنێت، كەسێكی پشودرێژ و ئارامە و دەتوانێت لەگەڵ چاك و بەد لە موسڵمان و كەسانی تریش بە نەرمی بجوڵێتەوە و ئاوێنەی ئیسلام بێت.

## چەند ڕوداو و چیرۆکێك سەبارەت بە بەرپەرچی خراپەکاری بە چاکەکردن

ئـ- براکانی یوسف پێغەمبەر (د.خ) بە پلانێکی بەد یوسفیان فڕێدایە چاڵێکەوە، بەمەبەستی لەناوبردنی بەڵام نەخشەی خوای گەورە جۆرێکی تر بوو، هۆکاری ڕزگاربوونی بۆناردوو دواجار پلەی وەزیری لە میسردا وەرگرت، دوای چەندین ساڵ براکانی ڕێیان کەوتە ئەوێ و کاتێك یەکتریان نایەوە، دانیان بە هەڵەکانیان دانا، یوسف لێیان خۆشبو دوعای بۆ کردن. لە قورئاندا بەم شێوەیە باسکراوە: (قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ (٩١) قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ (٩٢) ). (یوسف ٩١-٩٢). ئەمەیە لێبوردەیی جوان لە مرۆڤی باوەڕدارەوە بەرانبەر تاوانێکی گەورە.

ب- ئادەم (د.خ) دوو کوڕی هەبوو (قابیل و هابیل) لە ئەنجامی کێشەیەکی نێوانیان، قابیل ویستی هابیل بکوژێت، بەڵام هابیل بەرانبەری نەوەستایەوە و هەڵوێستی توندی وەرنەگرت، وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تر باس دەکات و دەفەرموێ: ( لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَىَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِى مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ) (المائدة٢٨). ئەمەیە ئارامگرتن و وەڵامی جوان بەرانبەر ویستی ناڕەوای برایەکی دڵڕەق.

پ- ئەبولەهەب مامی پێغەمبەر خاشاك و پاشەڕۆی ماڵەکەی فڕێدەدایە بەر ماڵ و سەر ڕێگای محەمەدی برازای (د.خ)، ئەویش بە نهێنیی دەیفەرمو ئەی کوڕی عەبدول مەناف دراوسێیەتی کەی وادەبێت؟

بەم هەڵوێستە شیرینە وەڵامی ڕەفتاری نەفامانەی ئەبو لەهەبی مامی دەدایەوە.

ت- بۆ (حەسەنی بەسری)یان گێڕایەوە، کە فلان کەس لە پاشملە باست دەکات، و ئیرەییت پێدەبات، ئەویش سەبەتەیەك خورمای بۆ کەسەکە برد و نامەیەکی لەگەڵدا بەجێهێشت، تێیدا نوسیبوو: ( هەواڵم پێگەیشت کەتۆ چاکەکانی خۆت بەدیاری بۆ من ناردووە، وامنیش ویستم بەم دیارییە وەڵامت بدەمەوە )، ئەمەبوو خەڵاتی موسوڵمانی تێگەیشتوو بەرانبەر هەڵەو کاری نادروستی کەسێکی تر.

ئامانج لە بەرپەرچدانەوەی خراپە بە چاکە، خۆپاراستنە لە خراپەکاری بەدکاران و هەوڵدان بۆ ڕێ پیشاندانیان.

# وانەی یازدەیەم

# سیما و دەرەنجامی (بەرپەرچدانەوەی خراپەکاری بە چاکەکردن)



## سیماکان:

١- چاوپۆشیکردن لە هەڵەکاران.

٢- سۆز و میهرەبانی نواندن بەرانبەر کەسی بەزیو و ڕوخاو.

٣- نەرمینواندن بەرانبەر توندوتیژی.

## دەرەنجامەکان:

١- پەیوەندی دوژمنکارانە دەگۆڕێت بە خۆشەویستی و ئاشتی.

٢- دەبێتە هۆی گۆڕینی تاکی شەڕانگێز و دوژمنکار، بۆ کەسی گونجاو و ئاشتیخواز.

٣- دوای گۆڕین و چاکەخوازی لە هەستی بەرانبەردا، خۆشەویستییەکی بەهێز و گەشەدار جێیدەگرێت.

٤- کۆمەڵگە بنیاتدەنێتەوە و ئاگری دەمارگیری و نەفامی خامۆش دەکات.

٥- زاری کەسانی دەمارگیر و گاڵتەجاڕ، دەبەستێت لە وتەی نەشیاو.

## چەند شێوازێك لە وەڵامی پەسەند بۆ هەڵەکاران:

١- وەڵامدانەوەی خزمایەتی دابڕاو بە دوبارە توندوتۆڵکردنەوە پەیوەندی لەگەڵیاندا.

٢- وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی سڵاوت لێناکات بە سڵاولێکردن.

٣- هەڵبژاردنی بێدەنگی و لێبوردن بەرانبەر جنێو و وتەی نابەجێ.

٤- نەرمی و ئارامی نواندن بەرانبەر کەسی توڕە و توند.

٥- دڵپاکی و ڕێزلێنان بکە، بە وەڵامی کەسی کینە لە دڵ.

٦- لە ئاستی کەسی ڕوگرژ و داخراودا ڕوخۆشی و کراوەیی نواندن.

٧- بەرانبەر ئیرەییبردن دیاری بەخشین.

٨- وەڵامدانەوەی کەسی سەرسەخت بە ڕێنمایکردن و کەسی زۆر سەرسەخت، بە پشتێکردن و بەجێهێشتن.

٩- ئاسانکاری بۆ ئەو کەسەی کاری بە پەلەیە، وەك ڕێگا بۆ چۆڵکردن.

١٠- وەڵامی ئەو کەسەی دەست لە کاری کەسانیتر وەردەدات بەگوێ لێگرتن و پاشان گوێ پێنەدانی.

١١- چاوپۆشیکردن لە ڕەفتاری کەسی دەرون ناساغ.

١٢- وەڵامی کەسی خۆبەزلزان نەدرێتەوە تا پەند وەربگرێت.

١٣- بەشێوازی نەرم سەرزەنشتی سەرپێچیکاری لە یاسا بکە و لەسەر ڕێکوپێکی ڕاییبێنە.

## ڕاهێنان (١)

١- ئامانج لەوەڵامدانەوەی خراپەکردن بە چاکە چییە؟

٢- سیماکانی وەڵامی چاکەکردن بۆ خراپەکاری چییە؟

٣- سێ شوێنەواری باشی، کردەوەی چاکەکاری بەرانبەر خراپەکاری بنوسە.

٤- شێوازەکانی کردەوەی چاکەکاری بەرانبەر خراپەکاری زۆرن، تەنها سیان لەو شێوازانە بنوسە.

## ڕاهێنان (٢)

**وەڵامی ڕاست لە نێوان کەوانەکانی بەرانبەردا هەڵبژێرە و لە بۆشاییەکاندا بینوسە.**

١- ئەگەر ویستم سەردانی دراوسێکەم بکەم، بەڵام ڕێی پێنەدام و پۆزشی بۆ هێنامەوە، ئەوا........................(قسەی لێدەبڕم لە کاتێکی تردا سەردانی دەکەم، گلەیی لێدەکەم کە پێشوازی لێنەکردم).

٢- ئەگەر بە هەڵەی شوفێری بەرانبەر ئوتومبێلەکانمان بە یەکدابدات، ئەوا......................(بەتوندی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەم و لێی خۆشنابم، ئارام دەگرم بەپێی یاساکانی هاتوچۆ ڕەفتاری لەگەڵ دەکەم).

## ڕاهێنان (٣)

**دێڕەکانی ستونی یەکەم بە دەستەواژەی گونجاو لە ستونی دووەمدا بگەیەنە.**

| | |
|---|---|
| ١- کردەوەی چاکەکردن لە وەڵامی خراپەکردندا پەیوەندی لە ڕەوشتێکی دوژمنکارانە دەگۆڕێت بۆ | ئاگری دەمارگیری و نەفامی خامۆشدەکات |
| ٢- کاری چاکەکردن بەرانبەر خراپەکاری | دۆستایەتی و ڕێز و دڵپاکی |
| ٣- مرۆڤی موسوڵمان لە بەرانبەر خزمی خەمسارد و دورە پەرێز | پەیوەندی خۆشویستن و پێکەوە گونجان |
| ٤- موسوڵمان وەڵامی کینە لە دڵ دەداتەوە بە | پەیوەندی توندوتۆڵ دەکات |

## ڕاهێنان (٤)

١- بەسەر هاتێك لە ژیاننامەی پێغەمبەرمان (د.خ) بە بەڵگە بێنەوە دەربارەی خراپەکاری بە چاکەکاری.

٢- بە ڕوداوێکی بەڵگەدار لە کۆمەڵگای کوردەواریمان ئەوە بسەلمێنە کەسێك چاکەی نواندبێت لە وەڵامی خراپەکاریی کەسێکی بەرانبەر .

## چالاکی

مامۆستا داوا لە یەکێك لە قوتابیانی بکات ئارامی گرتبێت لەبەرانبەر دەربارەی خراپی کەسێك و بەکاری بەد وەڵامی نەدابێتەوە.

- هەروەها داوا بکات لە ڕێی دیالۆگەوە دوو قوتابی ڕوداوێك نمایش بکەن هەڵە بە هەڵە وەڵام نەدانەوەی تێدا بێت.

# وانەی دوازدەیەم
# ئامۆژگاری قورئانی



قورئانی پیرۆز سەرەڕای ئەوەی کتێبی یاساگوزاری و بڕیارنامەی ژیانە، ڕابەر و ئاراستەکار و ڕێنمایکار و ڕونکردنەوەشە. هەمو خێر و چاکەیەکمان نیشاندەدات، موسوڵمانان و گشت خەڵکیش ئاراستە دەکات بۆ ڕێی سەرفرازی و بەختەوەری دونیا و دوا ڕۆژی، ڕاست و دروست لە چەوتی و نارەوایی جیادەکاتەوە، ڕێی ڕاست، نیشانی مرۆڤ دەدات، بەسەرهاتی گەلانی پێشین و هەواڵی ڕابردوی تێدایە، ئەوەی پێویست بە قوڵبونەوە بکات درێژەی پێداوە و پەند و ئامۆژگاری لێهەڵهێنجاوە. یەکێك لەو چیرۆکە ئامۆژگاری ئامێزانەی لوقمانە بۆ کوڕەکەی، کە بەدرێژایی مێژوو بە زیندویی دەمێنێتەوە، ئەمەش لە نهێنی و حیکمەتی قورئانە. خوای پەروەردگار لە سورەتی لوقماندا دەفەرموێت: ( يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ (١٧) وَلَا تُصَعِّرۡ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٖ (١٨) وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ (١٩) ). (لقمان)

کە تیایدا لوقمان بە کوڕەکەی دەڵێت: نوێژو پەیوەندیت بەخوای خۆتەوە زیندو ڕابگرە و لێی دامەبڕێ و لەکاتی خۆیدا بەو شێوەی خوا پێی خۆشە جێبەجێی بکە.

هەروەها فەرمانکردن بەچاکە و ڕێگریکردن لەخراپە و خۆڕاگری ئارامی لەسەر ئەو ڕێبازە، لەکارە گرنگەکانە، وازی لێمەهێنە، چونکە ئەمانەن کۆمەڵگە بەختەوەر و ژیان پڕمانا دەکەن.

پاشان پێیگوت: پشت لەکەس هەڵمەکە و لەسەرخۆ و خاکەرابە، بەسەر زەویدا نازمەکە چونکە خوا مرۆڤی فیزاوی و لوتبەرزی خۆش ناوێت. لەکۆتاییدا پێیگوت: مامناوەند بە لە ڕۆیشتندا نە زۆرخێرا و نە زۆر هێواش بە، مەگەر لەبەر پێویستییەك نەبێ، هەروەها با دەنگت بەپێی پێویست بەرز بێت، تا دەوروبەر وەڕەس نەبن دەنگی تیژ و هاتوهاوار لە دەنگی گوێدرێژەوە نزیکە کە ناپەسندترین دەنگە.

## ڕاهێنان (١)

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:**

١- بۆچی لە قورئانی پیرۆز دا ئامۆژگاری (لوقمان بۆ کوڕەکەی ) تۆمارکراوە؟

٢- هەندێك لەو کردەوە باشانە بڵێ کە پێویستە موسوڵمان پێیان پابەند بێت؟

٣- سەبارەت بە ڕێکردن لوقمان چی بەکوڕەکەی دەڵێت؟

٤- ناوی ئەو سوڕەتە بڵێ کە ئامۆژگارییەکەی لوقمانی تێدا تۆمارکراوە؟

## ڕاهێنان (٢)

**بۆشاییەکان بە وشە و دەستەواژەی گونجاو پڕبکەوە:**

١- گرنگترین ئەرکی سەرشانی هەر موسوڵمانێك بە جێهێنانی ..................ەکە.................. پایە ئیسلامە.

٢- قورئانی پیرۆز وتەی ......................................کە کە بۆ پێغەمبەرەکەی ناردۆتە خوار ......... ...........................تا ببێتە دەستوری ..................................... .

٣- و ................ علی ما أصابك، انّ ذلك من.................... .

# وانەی سێزدەیەم
# لێبوردەیی و چاوپۆشیکردن



ئەم دوو ئاکارە بەشێکن، لە مامەڵە ڕەوشتییەکانی مرۆڤ و زانستی ڕەوشتیش زانستی مامەڵە کردنە و لە کردەوەکانی مرۆڤ و لەو ئاکارانە دەکۆڵێتەوە، کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا کۆکن.

لێبوردەیی و چاوپۆشیکردن بە واتایەکی تر لەو بەها کەسییانەن کە لەچوار چێوەیەکی گشتیدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێن. **هەر ئاکارێکی مرۆڤیش چوار واتای هەیە:**

١- کاری پەسند و نابەجێ.

٢- ناسینیان.

٣- توانا و زاڵبون بەسەریاندا.

٤- لادان بەرە و باری پەسند یان ناپەسند.

خوای پەروەردگار ڕەوشتە هەرە بەرزەکانی لە ئایەتێکدا کۆکردۆتەوە، کە دەفەرموێت:

(خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ). (الاعراف١٩٩).

## بەها (بنەما) ڕەوشتییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیدا:

ئایەتی پێشو سێ بنەمای لەخۆگرتبوو سەبارەت مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیدا:

**١- بنەمای یەکەم: پەیڕەوکردنی لێبوردەیی:**

مەبەست لەم بڕگەیە ئاسانکاری و هێورکردنەوەیە بەبێ ئاڵۆزکردن یان توندڕەوی یان ناڕەحەتی.

واتە: - لە ئاسانکردنێکدا قورسکردنی وەلانابێت.

- لەنەرمی و هێورکردنەوەکەیدا بێ توندڕەوی.

- لە چاوپۆشیەکدا تیژی و توڕەیی پێوە نەلکابێت.

ئەم چوارچێوەیەش ئاکارەکانی (لێبوردەیی بەرانبەر ستەمکردن)، (بەخشین بەرانبەر کەسێك بێبەشی کردبێت) لەخۆدەگرێت، هەروەها ئەو ڕەفتارانەی لەسەر بنەمای چاوپۆشی و ئاسانکاری و نەرمینواندن بیناکرابێت.

**٢- بنەمای دووەم- فەرمانکردن بە چاکە:**

کاتێك بەهۆی ئاسانکاری و چاوپۆشییەوە هەندێك کەس پێی لێرادەکێشن و بەسروشتی سپڵە یان یاخیبون هەڵدەبژێرن، بەرانبەر لێبوردەیی کەسێك ئەوا خوای گەورە لە ڕێی پێغەمبەر(د.خ) پێمان ڕادەگەیەنێت فەرمان بکەین بە چاکە لە چوارچێوەی شەریعەتدا، واتە: نە ستەم بکەین نە ستەمیش قبوڵ بکەین.

**٣- بنەمای سێیەم- پشت هەڵکردن لەنەفامان:**

لەوانەیە هەندێك کەسی نەزان بەگژ ئەوانەدا بچنەوە، کە فەرمانیان بە چاکە پێدەکەن و لە خراپە دوریان دەخەنەوە، وەڵامی ئەوانە نابێت، بە هاوشێوەی ئەو نەفامیەی ئەوان یان جنێو پێدانیان و دەستدرێژی بۆ سەریان بێت. بەڵکو پێویستی بە خۆڕاگری و (حیکمەت) دانایی بەکارهێنانە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوەی ئەوان و پاراستنیش بۆ کەسایەتی و پێگەی خۆمان.

جا ئەگەر مرۆڤەکان پابەندبن بەو سێ بنەمایەی لەسەرەوە هاتون، ئەوا دڵئازاردان و کینە و ڕق لێبونەوەیان لەنێواندا نامێنێت و ئاشتی و پێکەوە ژیان دەبێتە سیمای کۆمەڵگەکەیان.

# وانەی چواردەیەم

## نەرمینواندن و سۆزیاری پێغەمبەر محەمەد (د.خ)



باشترین بەڵگە و نیشانەی پابەندی بەو سێ بنەمایەی، لەبابەتی پێشودا ئاماژەی پێکرا، ئەوەیە کە بەسۆز و میهری خۆی، خوای گەورە پێغەمبەرێکی (د.خ) دڵنەرم و میهرەبانی بۆ باوەڕداران هەڵبژارد، وەك لە قورئاندا فەرمویەتی:

(فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ). (آل عمران١٥٩)

واتە سۆز و نەرمی تۆ لەگەڵ گەلەکەت لە میهرەبانی خواوەیە و بۆ ئەوانیش ڕەحمەتە، چونکە ئەگەر تۆ دڵڕەق و توندوتیژو گرژومۆن بوای لەگەڵیان بێگومان ئەوانیش لە دەورت کۆ نەدەبوونەوە و جێیان دەهێشتی، بۆیە بەمشێوەیەی خوارەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکە:

١- لێبوردەیی بەرانبەر هەڵەکانیان.

٢- داوای لێخۆشبونیان بۆ بکە لەخوا بە بەردەوامی.

٣- ڕاوێژیان لەگەڵ بکە لە کاروباری جەنگدا، مەگەر کارێك سروشتت(وحی) بۆ هاتبێت، ڕاوێژکردن بنەمایەکی گرنگە لە شەریعەتی ئیسلامدا، سودەکەی بۆ هەموانە، پاشان پشت بەخوابەستن لە بڕیاردانەدا، ئەمانە هەموی دەبنە هۆی کۆمەك و یارمەتیی خوای بەدەسەڵات بۆمان.

## چەند نمونەیەك لەسەر ڕاوێژکردنی پێغەمبەر (د.خ) بە هاوەڵانی:

١- لە بەرەنگاربونەوەی کاروانی کۆچکردوان لە ڕۆژی جەنگی بەدردا.
٢- لە چونە دەرەوەی شار لە جەنگی ئوحوددا بۆ دەوروبەری مەدینە.
٣- هەربەڕاوێژ پلانی جەنگی ئوحودیان داناو لە هەڵەی سەرپێچیکارانیشی خۆشبوو.

## چاوپۆشی و لێبوردن لە هەڵە، هاوتەریبی کاری چاکەیە

خوای پەروەردگار لە قورئاندا فەرمویەتی: (إِن تُبۡدُواْ خَيۡرًا أَوۡ تُخۡفُوهُ أَوۡ تَعۡفُواْ عَن سُوٓءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوّٗا قَدِيرًا ) (النساء ١٤٩).

خوای گەورە لێبوردەیی و چاوپۆشی لە هەڵەکاران، هاوشان و هاوتەریب کردەوە لە پەسندکراوەکان هەژماری کردوە، دەبێت مرۆڤی موسوڵمان خاوەنی لێبوردن و دڵێکی فراوان و گەورەبێت، تا قین تیایدا جێنەبێتەوە، **لە وێنەی خوارەوە ئەو هاوکێشەیە بەدیدەکەیت.**



## گفتوگۆ

١- (پێویستە وەڵامی نەزان نەدەینەوە و پشتی لێهەڵکەین) ئەمە شیبکەوە.

٢- نمونە بۆ ئەمانەی خوارەوە بێنەوە :

ئ- ڕاوێژکردنی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ هاوەڵانی.

ب- لێبوردەیی لەو کەسانەی سەرپێچییان دەکرد.

٣- ئەو ئایەتە بڵێ بەها ڕەوشتیەکانی تێدا کۆکراوەتەوە پاشان:

ئ- ئایەتەکە بنوسە؟

ب- ئەوسێ بنەمایە کامانەن ئاماژەی پێکردوون؟

٤- خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر کرد (د.خ) چۆن بێت لەگەڵ کەسوکار و گەلەکەی؟ دەقێکی قورئان بڵی ئەو بنەمایە پشت ڕاستبکاتەوە.



# وانەی پازدەیەم

# پاراستنی زمان لە بەدگۆیی



وتەی باش و پەسەند و لە سنوری ڕەزامەندی خوادا، نیشانەی باوەڕ و بەرهەمی پەروەردەی دروستە، ئەنجامەکەشی خێر و خۆشییە بۆ خاوەنی و کۆمەڵگە. ئەگەر ئادەمیزاد زمانی لە پشت ئەقڵ و بیرکردنەوە بێت، ڕاستیی پێ دەربڕێت بەختەوەرە و متمانەی کەسانی تر بەدەست دێنێت، خواش لێی ڕازی دەبێت و ناوی لە نێوان ڕاستگۆیاندا تۆماردەکات. بەڵام ئەگەر زمانی بێ سنور بۆ دانان و درۆکردن و تێرکردنی ئارەزو بەکارهێنا، ئەوا دەبێتە مایەی کێشە و ماندوبوون و زیان بە خۆیی و خەڵکی تریش دەگەیەنێت، دواجاریش خوای گەورە سزای دەدات و لە ڕیزی درۆزناناندا تۆماری دەکات.

ئەو کەسەی زۆر دەڵێت، هەڵەش زیاتر دەکات، وتراوە (**ئەگەر دەنگکردن زیو بێت ئەوا دەنگنەکردن زێڕە**). ئەمەیە ڕەوشتی باوەڕداران و پیاوچاکان و مرۆڤە ژیرەکان، چونکە هەر وشەیەك لە زار بێتە دەرێ چاودێری دەکرێت و تۆمار دەکرێت، لەلایەن چاودێرانەوە، بۆیە پێغەمبەر(د.خ) هۆشیاری پێداوین بە فەرمودەی: ( **مَن كان يؤمن بالله و اليوم الأخر فَليقل خيراً او لِيصمتَ** ).

زمان هەروەك ئامێرێکی گرنگ و هەستیارە بۆ وشەی چاك و بەسود، گەر هۆشیارانە بەکارمان هێنا، دەکرێت هۆکارێکی فریودەر و فەوتێنەریش بێت، گەر خاوەنەکەی بێباك، یان بێئاگا بێت لە چاودێری وشەکانی لەلایەن خوای گەورە.

## هەندێك لە نەهامەتی و ئافەتەكانی زمان:

ئـ- **درۆگۆیـی:** واتە زمانبازی بێ چاودێریكردن و دۆزینەوەی ڕاستی، وەك پێغەمبەرمان(د.خ) فەرمویەتی: ( **الكذاب بعيد عن الله بعيد عن الناس بعيد عن الجنة** ). واتە: درۆزن دورە لە خوا، دورە لە خەڵكی، دورە لە بەهەشت، كە ئەوەش خاوەنەكەی سەر شۆڕ و بێ متمانە دەكات.

ب- **غەیبەتكردن (باسكردنی پاشەملە):** جا ئەگەر باسكراو ئەو خاڵانەی تێدابوو پێی خۆش نەبوو باسبكرێت ئەوە (غەیبەتە)، بەڵام ئەگەر تێیدا نەبوو، ئەوە بۆ هەڵبەستنە (بوهتان). خوای گەورە دەفەرمویت: (..وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضاً..) (الحجرات ١٢).

پ- **قسەهێنان و بردن:** ئەمەش ئەدگارێكی نەنگە، زۆرجار كێشەی گەورە لەو نێوەندەدا ڕودەدات. گومانیش لەوەدا نییە، ئەوەی قسەت بۆ دێنێت قسەی تۆش بۆ كەسانی تر دەبات.

ت- **شایەتی درۆ:** گەواهیدانی بە درۆیە لەهەر دۆزێك بە ناڕاستی و گۆڕینی ڕاستییەكان، ئەمەش لە گوناهە هەرە گەورەكانە و لە ترسناكترین ئافەتەكانی زمانە، كە دەبێتە هۆی لەناو چوون و بەرپابوونی ستەم.

كەواتە قوتابییانی خۆشەویست، زمانتان بپارێزن لەو دەرد و نەهامەتیانە، بەڵكو زمان ڕابێنن بەیادكردنی خوا و گوتنی ڕاستی و چاكە.

هەروەها دەتوانن بیكەنە هۆكاری پێكەوە ژیان و لە یەكگەیشتن و خۆشەویستی و برایەتی.

هەر زمانە خاوەنەكەی بۆ بەهەشت، یان بۆ دۆزەخ ڕادەپێچێت.

پێغەمبەرمان (د.خ) لە بەشێكی فەرمودەیەكیدا ئاماژە بەوە دەكات، كە: ئایا جگە لە زمان چی تر كە دەبێتە هۆی بەڕوداخستنی مرۆڤ لە ئاگردا؟ وتراوە ( مرۆڤ بە دوو ئەندامە بچوكەكەی هەڵدەسەنگێنرێت، زمان و دڵ). پێغەمبەرمان (د.خ) لە بارەی بەكارهێنانی زمانەوە هوشیاری داوە بەم فەرمودەیە:

( **عليكم بالصدق فان الصدق يهدي الى البر وان البر يهدي الى الجنة، و اياكم والكذب فان الكذب يهدي الى الفجور، و ان الفجور يهدي الى النار** ).

## ڕاهێنان (١)

**هەر بڕگەیەکی ستونی یەکەم بەرامبەر بە بڕگەیی گونجاوی ستونی دووەمدا بگەیەنە:**

| | |
|---|---|
| مرۆڤی زۆر بلێ | دڵ و زمان |
| لەسەر قوتابییە | چاکەکاری و بەهەشت |
| درۆکردن | بێدەنگی زێڕە |
| مرۆڤ بە دوو ئەندامە بچوکەکەیەتی | هەڵەی زیاتر دەکات |
| ئەگەر قسەکردن زیو بێت | ئارام و نیشانەی گوناهبارییە |
| ڕاستگۆیی دەمانبات بەرەو | زمانی لە شایەتی درۆ بپارێزێت |

## ڕاهێنان (٢)

**وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:**

١- ئایا مرۆڤی درۆزن ڕێزی لێدەگیرێت؟

٢- سێ لە ئافەتەکانی زمان بژمێرە.

٣- چارەنوسی باوەڕداری ڕاستگۆ چییە؟

٤- جیاوازی لەنێوان پاشملە باسکردن و قسە هێنان و بردندا چییە؟

٥- مەبەست لە شایەتی درۆ چییە؟



# وانەی شازدەیەم
# مافی ڕێگاوبان



بەکارهێنانی ڕێگاوبان مافی هەموانە و ناکرێت هیچ کەس پاوانی بکات و مافی کەسانی تر پێشێل بکات. هەندێك جار کەسانێك ناچار دەبن لەو جێیانە دابنیشن خەڵکی هاتوچۆی لێوە دەکەن، ئەو ساتانەش لە ئاینی ئیسلام ڕێکخراوە، بەم فەرمودە پیرۆزەی سەروەرمان محەمەد ( د.خ ): ( **ایاكم والجلوس فی الطرقات قالوا یارسول الله، مالنا بد هي مجالسنا، نتحدث فیها قال رسول الله (ص) فاذا ابیتم الا المجلس فاعطوا الطریق حقه، قالوا: وما حقه قال: غضُّ البصر، وكفُّ الاذى، ورد السَّلام، و الامر بالمعروف و النهي عن المنكرِ** ).

١- ئەمانەی خوارەوە بۆ ئەو کەسانەی لەسەر ڕێگا دادەنیشن:

ئـ- چاوداخستن، واتە: نەڕوانین بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بەشێوەیەك ئازار بدرێت و وەڕسبکرێت، قورئان دەفەرموێت: ( قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ ) (نور- ٣٠). پاشان دەفەرموێت: (وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ ) (نور- ٣١).

لەم ئایەتانە ڕوندەبێتەوە کە تەماشاکردنی حەرامی کەسی جیا لە ڕەگەزدا هەنگاوی یەکەم و سەرەتایە بۆ کاری داوێنپیسی، کە مرۆڤی خواناس خۆی لێدەپارێزێ. پاشان سزای یاسایی

و خواییشی بە دواوەیە.

ب- خۆپارێزی لە چاودێری هەڵسوکەوتی خەڵك.

پ- کەسێك شتێکی کڕی، یان بینی بەدەستییەوە نابێت کارت بەسەریەوە هەبێت.

ت- خۆ دورخستنەوە لە ئاشکراکردنی نەنگی کەسانی تر و نهێنی درکاندنیان.

٢- **وازهێنان لە زیانگەیاندن بە کەسانی تر، واتە:**

ئـ- وازهێنان لە تانەدان و ڕەخنەگرتن لێیان، یان نازناوی ناشیرین لە خەڵکی بنێیت، یان جنێویان پێبدەیت.

ب- هەڵبەستنی درۆ بەناوی خەڵکی لە کاتێکدا ئەوان بێئگاو بێ تاوانن.

پ- دڵشکاندن و سەرکۆنەکردن یان گاڵتەپێکردن، ئەمانەش هەر زیانگەیاندنە.

ت- کۆتاییهێنان بە پەیوەندی نێوان خەڵك و تێکدانی نێوانیان بە قسەهێنان و بردن.

ج- زیادەڕۆیی لە مافی کەسانی تر نەکرێت، وەك ئەوەی ئوتومبێل ڕادەگرێت لەبەردەم ماڵان، یان لە جێی گشتی و سەرە ڕێدا.

چ- دورکەوتنەوە لە فڕێدان و بەجێهێشتنی پاشماوە و شتی بێکەڵك لەسەرە ڕێ و شوێنی حەوانەوەی خەڵکدا.

ح- دورەپەرێزی لە وەستانی بەردەم خوێندنگەکان و تانەدان بەتایبەت لە قوتابییانی کچ.

خ- نەبێتە ڕێگری ئازادی تاکەکان بە تایبەتیی دەوروبەر و دراوسێکان.

ز- هەراساننەکردنی دەرودراوسێی بە بەرزکردنەوەی دەنگی زیاد لە پێویست.

ك- خۆ بە دورگرتن لە تۆقاندن و دروستکردنی دڵەڕاوکێ بۆ کەسانی تر بە هەر شێوەیەك.

گ- ئازار نەگەیاندن بە هاووڵاتیان بە هۆی : خواردنەوەی مادەی هۆشبەر و خواردنەوە گازییەکان و شوفێری بە سەرخۆشی و فڕێدانی دەفر و شوشەکەی لەسەر ڕێییەکاندا.

٣- **وەڵامدانەوەی سڵاوکردن:**

سڵاوکردن کردارێکی جوانە و سونەتیشە، بەڵام وەڵامدانەوەی ئەرکە، کە سڵاوکرا دەکرێت هەموان وەڵام نەدەنەوە، بەڵکو وەڵامی هەندێك بەسە لەجیاتی ئەوانی ترش. باش وایە وەڵامەکە بە جوانتر لە سڵاوکردنەکە بێت وەك لە وەڵامی (**السلام علیکم**) دا بڵێت:(**و علیکم السلام و رحمة الله وبرکاته**).

### ٤- فەرمانكردن بە چاكە و ڕێگریكردن لە خراپە:

ئەگەر هەندێك كەس ناچاربوون لەسەر ڕێی گشتیدا بوەستن، یان لەڕۆخی شەقامدا دابنیشن، كۆمەڵێك ئەركی تر جگە لەوانەی باسكران دەكەوێتە ئەستۆیان، وەك: هاوكاریكردنی بە ساڵاچوان، بەزەییهاتنەوە بە لاوازەكان، یارمەتیدانی نەخۆشەكان، هاوكات ڕێگریكردن لە خراپە و دەستدرێژی بۆ سەر ماف و ئازادی كەسانی تر.

**ڕاهێنان (١)**

١- ئەو ئایەتە پیرۆزە بنوسە كە تیایدا خوای گەورە فەرمان بە باوەڕدارانی پیاو و ژن دەكات چاویان لە ئاستی بێگانەدا دابخەن.

٢- فەرمودەیەكی پێغەمبەر (د.خ) بنوسە كە مافی ڕێگاوبانی تێدا دیاریكراوە.

**ڕاهێنان (٢)**

ئەم دوو دەستەواژەیە لەم بۆشاییانەی خوارەوە دابنێ:

(خۆپارێزی لە چاودێری هەڵسوكەوتی خەڵك، ناپاكیكردن بە چاو)

١- ئەگەر كەسێك چاوی بڕییە ئافرەتی بێگانە بەپێی شەرع، كارەكەی ................................ .

٢- مەبەست لە چاوداخستن.....................................................................

**ڕاهێنان (٣)**

١- موسوڵمان لە وەڵامدانەوەی سڵاودا، پێویستە چی بڵێت؟

٢- ئەو كەسانەی ناچارن لەسەر ڕێی گشتیدا ڕابوەستن، پێویستە فەرمان بە چاكە بكەن، بە نمونە، ڕونیبكەوە.

**ڕاهێنان (٤)**

وەڵامە ڕاستەكانی نێو كەوانەكان بەكێشانی بازنە بە دەوریاندا دەستنیشان بكە:

خۆدورگرتن لە زیان گەیاندن بە خەڵك، واتە:

( بڵاو كردنەوەی ئاشتی - دڵنیاكردنی خەڵك - درۆ هەڵبەستن - خۆدورگرتن لە درۆ هەڵبەستن - لە بیركردنی هەڵبەستراو - ڕێزگرتن لە بەساڵاچوان - خەڵكی بێزاركردن - چارەسەرە كتوپڕەكان - دەستدرێژی بۆسەر كچان - بەكارهێنانی تەلەفۆن - یارمەتی نابینا لە پەڕینەوەدا).

# وەرزی دووەم

# وانەی حەڤدەیەم

# پایەکانی نوێژ و سونەتەکان



نوێـژ پایەیەکـی هـەرە گرنگـی نێـو پەرستشـەکانە لـە ئایینـی ئیسـلامدا. مرۆڤـی موسـوڵمان بەهۆی نوێـژەوە لـە ناموسـوڵمان جیادەکرێتـەوە. لەسـەر چەندیـن پایەشـدا دامـەزراوە و کۆمەڵێك سونەتیشـی هەیـە. ئومێـد وایـە بـە هـۆی بەجێهێنانییـەوە خـوا لـە خۆمـان ڕازی بکەیـن. ئـەو پایـە وسـونەتانەش:

## ئ- پایەکان:

١- نیاز (نییەت).

٢- بە گوتنی الله اکبر دەچینە ناو نوێژ.

٣- بەپێوە وەستان گەر توانا هەبوو.

٤- خوێندنی سوڕەتی (فاتیحە).

٥- کڕنوشبردن بە ئەندازەی وەستانی لەش لە جوڵە (رکوع).

٦- ڕاستبوونەوە بە هەمان شێوە.

٧- چونە سوژدە (نێو چەوان) لەسەر زەوی دانان بە هەمان شێوە.

٨- دانیشتنی نێوان هەردوو سوژدە.

٩- هەستانەوە و دوبارەکرنەوەی ڕکاتی دووەم بەم شێوەیەیە.

١٠- دانیشتنی کۆتایی نوێژ بۆ خوێندنی (تەحییات - تەشەهود).

١١- سڵاودانەوە بەلای ڕاستدا.

### ب- مەرجەکانی:

١- هاتنی کاتی نوێژ. ٣- پاکوخاوێنی.

٢- ڕو کردنە ڕو گە. ٤- لەش داپۆشین (عەورەت، واتە لەنێوان ئەژنۆ تا ناوك).

### پ- سونەتەکانی:

ئـ - پێش چونە ناو نوێژ: ١- بانگدان. ٢- قامەتکردن.

ب- دوای چونە ناو نوێژ:

١- خوێندنی تەحییاتی یەکەم.

٢- خوێندنی نزای قونوت لە نوێژی بەیانیان و، ویترەکانی نیوەی دووەمی ڕەمەزان.

### ت- ئادابی نوێژ:

١- بەرزکردنەوەی هەردوو دەست لەگەڵ وتنی (الله اکبر)ی نییەت هێنان.

٢- دانانی لەپی دەستی ڕاست لەسەر پشتی دەستی چەپ.

٣- خوێندنی نزای نوێژ دەستپێکردن.

٤- وتنی (**أعوذ بالله من الشيطان الرجيم**) پێش خوێندنی سورەتی فاتیحە.

٥- خوێندنی قورئان بەدەنگی بیستراو لە نوێژی بەیانی و دو ڕکاتی یەکەمی شێوان و خەوتنان. (لەلایەن پێش نوێژەوە).

٦- وتنی زیکری (ئامین) دوای خوێندنی سورەتی فاتیحە.

٧- خوێندنی سورەتێك دوای سورەتی فاتیحە.

٨- لەنێوان بە جێهێنانی هە ڕوکنێك گوتنی (الله اكبر).

٩- گوتنی (**سمع الله لمن حمده، ربنا ولك الحمد**) لە کاتی هەستانەوە لە کڕنوش.

١٠- خوێندنی زکری کڕنوش و سوژدە هەریەك لەکاتی خۆیدا.

١١- دانانی هەردوو دەست لەدوای ئەژنۆکانەوە لە دانیشتنی خوێندنی تەحییاتدا، بە کردنەوەی تەواوی دەستی چەپ و کۆکردنەوەی پەنجەکانی دەستی ڕاست جگە لە پەنجەی شایتمان.

١٢- نوشتانەوەی هەردو قاچ لە دانیشتنەکانی نوێژدا بۆ دواوە و ڕاخستنی هەردوو پێ، یان پێی چەپ.

١٣- سڵاو دانەوە بەلای چەپدا، چونکە سڵاو بۆ لای ڕاست لە پایەکانی نوێژ بوو.

## ج- ئەو کارانەی نوێژەکە بەتاڵ دەکەنەوە:

١- قسەکردن بە ئەنقەست.

٢- جوڵەی زۆر (هەندێك زانا بە ٣ جوڵە دیاریان کردووە).

٣- دەستنوێژ شکان.

٤- هاتنە دەرەوەی پیسی و پاشەڕۆ لە لەشی نوێژکەرەوە.

٥- دەرکەوتنی لەش بە ڕوتی.

٦- نیاز (نییەت) گۆڕین.

٧- پشت لە ڕوگە (قیبلە) کردن.

٨- خواردن و خواردنەوە لە نوێژدا.

٩- پێکەنین بە دەنگەوە (قاقا) لێدان.

## ح - نوێژە سونەتەکانی هاوڕێی فەرزەکان:

١. دوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانی.

٢. چوار ڕکاتی پێش نوێژی نیوەڕۆ و دوو ڕکاتی دوای نوێژ.

٣. چوار ڕکاتی پێش نوێژی ئێواران.

٤. دوو ڕکات دوای نوێژی شێوان.

٥. سێ ڕکاتی دوای نوێژی خەوتنان، کە ڕکاتی سێیەم تاکە، وتری پێ دەوترێت.

### خ- نەوافل کە ٣ نوێژە:

١. شەونوێژ.

٢. چێشتەنگاو.

٣. نوێژی تەراویح.

ئەو پایە و هەیئات و سوننەتانە وەك یەكن بۆ پیاو و ژن، تەنها لە چەند بوارێكدا ژنان جیا دەبنەوە وەك **لەم خشتەیەی خوارەوەدا هاتوە:**

| لە نوێژی پیاواندا | لە نوێژی ژناندا |
|---|---|
| ١- ئانیشكەكانی لەجەستەی دوور دەخاتەوە چ لە كڕنۆش یان لە سوژدە.<br>٢- دەست بەرزكردنەوە لە نوێژدا لەو جێیانەی باسكراون.<br>٣- لەكاتی هەر ڕوداوێك سبحان الله دەكات.<br>٤- ڕوتایی پیاو نێوان ئەژنۆ تا ناوكە. | ١- ئانیشكەكانی بە خۆوە دەلكێنێ لە هەردوو حاڵەت.<br>٢- گەر كەسی بێگانە گوێی لێ بوو، دەنگ بەرز ناكات.<br>٣- لەكاتی هەر ڕوداوێك چەپڵە لێدەدات.<br>٤- جگە لە ڕومەت و لەپی دەستی گشت جەستەی نابێت ڕووت بێت. |

### گفتوگۆ

١- ئەو هۆكارانە چین نوێژ بەتاڵ دەكەنەوە؟

٢- جیاوازی نێوان نوێژی ژن و پیاو لە چیدایە؟

٣- جیاوازی نێوان پایەكان و سونەتەكانی نوێژ چییە؟

٤- ژمارەی ڕكاتی نوێژە سونەتەكان چەندن، چۆن دابەشكراون بە سەر نوێژە فەرزەكاندا.

# وانەی هەژدەیەم
# نوێژکردنی بەکۆمەڵ



## چاکە و پلەی نوێژکردنی بە کۆمەڵ:

ئاینی ئیسلام بایەخ بەکاری بەکۆمەڵ دەدات و دژ بە دوبەرەکییە، چ لەڕوی پەرستش، یان مامەڵە و کاروباری ڕۆژانە بێت. خوای پەروەردگار هەر کارێکی هەرەوەز بە پیرۆز ناوزەد دەکات بەمەرجێك سودبەخش بێت و لە چوارچێوەی ڕەزامەندیدا بێت. هەروەها پێغەمبەرمان (د.خ) بەم فەرمودەیەی خوارەوە جەخت لەسەر نوێژی بەکۆمەڵ دەکاتەوە کە دەفەرموێت:(**صلاة الجماعة أفضل من صلاة الفرد بسبع و عشرين درجة**).

واتە: نوێژی بە کۆمەڵ بە (٢٧) پلە باشترە لە نوێژکردن بە تاك. لەبەر گرنگی بە کۆمەڵ نوێژکردن، تەنانەت ئەگەر بە دوکەسیش بێت، واتە پێشنوێژ و کەسێك لەگەڵیدا ئەو پاداشتەی بۆ (نوێژ کردنی بە کۆمەڵ) هەیە، دەیانگرێتەوە. تا ژمارەشیان زیاتر بێت لای خوا باشتر و پاداشتیش زیاترە. وەك سەروەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (**صلاة الرجل مع الرجل ازكى من صلاته وحده وصلاته مع الرجلين ازكى من صلاته مع الرجل وما كان أكثر، فهو أحب الى الله تعالى**). واتە: نوێژێك بە دوو کەس پێکەوە بکرێت لە نوێژی تاکە کەس

و بە سێ کەس لە دوو کەس و هەروەها تا ژمارەیان زیاتر بێت، لای خوا پاداشتی زیاتر دەست دەکەوێت.

## پلە و خێری جێی نوێژی بە کۆمەڵ:

١- بەجێهێنانی نوێژی بە کۆمەڵ لە مزگەوتدا پلەی باشترە لە هەر جێیەکی تر.

٢- ئەگەر نەکرا نوێژەکە لە مزگەوت بکرێت، ئەوا لە جێی بۆ دیاریکراو بێت. لە قوتابخانەکان یان فەرمانگە یان ڕێگا، ئەوا باشترە.

٣- پاداشتی نوێژی مزگەوتێك هەنگاوی زیاتری بۆ بنرێت، پترە. بۆ ژنان لە هەیە، لەنوێژی بەکۆمەڵ لە مزگەوت و لە پشت پیاوان ڕابوەستن.

## گفتوگۆ

١- پلەی نوێژی بە کۆمەڵ ڕونبکەوە.

٢- بە بەڵگە ڕونیبکەوە نوێژی بە کۆمەڵ خێری زیاترە.

٣- نوێژی بە کۆمەڵ بە دوو کەس دەکرێت؟

٤- ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە:

١- پاداشتی نوێژی.................................. زیاترە لە نوێژکردن بە تاك.

٢- ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ لە .................................. دا چاکەی زیاترە لە هەر جێیەکی تر.

٣- ژنان بۆیان هەیە نوێژی بە کۆمەڵ لە .................................. بکەن.

٤- تا ژمارەی نوێژ کاران پتر بێت لە نوێژی .................................. لای خوا باشترە.

# وانەی نۆزدەیەم

# نوێژی هەینی



## نوێژی هەینی:

ئـەم ڕۆژە ڕۆژی حەسـانەوەیە بـۆ مرۆڤـی موسـوڵمان، پلـەی لـە ڕۆژەکانـی تـر بەرزتـرە، تیایـدا موسـوڵمانان یـادی خـوا دەکـەن و پەرستشـی زیاتـر دەکەن، دەچنە مزگەوتـەکان بـۆ ئەنجامـدان و بەجێگەیاندنـی نوێـژی هەینـی و گوێگرتـن لـە گوتـاری هەفتانـەی گوتاربێـژ.

## حوکمی نوێژی هەینی:

ئەم نوێژە لەسەر موسوڵمانانی ( نێرینە ) ئەرکە، بەپێی ئەم ئایەتە:

( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ) (الجمعة ٩).

## مەرجەکانی:

١- - تەنها ئەرکە لەسەر ڕەگەزی نێر.

٢- بۆ منداڵ ئەرك نییە، تا دەگاتە ئاستی پێگەیشتن ( بلوغ، تەمەنی ١٨ساڵی ).

٣- کەسی نەخۆش نوێژی ( هەینی ) لەسەر نییە.

٤- ڕێبوار ناگرێتەوە.

## چەند مەرجێك سەبارەت بەجێگەیاندنی نوێژەکە:

١- ئاوەدانی (شار یاخود گوند): واتە نابێت نوێژی هەینی لە ڕێی سەفەر، یان لە جێی چۆڵ بکرێت.

٢- مزگەوت: یان بینایەك ناوی مزگەوتی لێنرابێت.

٣- گوتار خوێن: نوێژی هەینی بێ گوتار دانامەزرێت.

٤- کۆمەڵ: بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك نوێژکەر. سەبارەت ژمارەیان چەند ڕایەك هەیە.

تێبینی: لە شەرعی ئیسلامدا ئەندازە و جۆرەکان بۆ ئامادەبوونی نوێژی هەینی دیاریکراوە.



# وانەی بیستەم

## سودەکانی نوێژی هەینی



١- بە گوێگرتن لە گوتاری هەینی نوێژکەر سودمەند دەبێت.

٢- ئاگاداری ڕوداو و گۆڕانکاری لە گۆڕەپانی جیهانی ئیسلامی لە چەندین ڕووەوە پەیدا دەکات.

٣- موسـولْمان لـەو پێگەیشـتنەدا هەواڵـی یەکتـر دەزانـن و پەیوەنـدی نێوانیـان توندوتۆڵتـر دەکەنـەوە.

### چەند ئادابێکی نوێژی هەینی:

١- خۆشوشتن خۆ بۆنخۆشکردن.

٢- پۆشینی بەرگی خاوێن.

٣- چوونە مزگەوت، پێشوەخت.

٤- وازهێنان لە کڕین و فرۆشتن وشتی تر لەو کاتانەدا.

٥- خۆدورگرتن لە خواردنی هەندێك مادەی بۆندار وەك: سیر، پیاز.

٦- پاراستنی بێدەنگی لەکاتی گوتاری هەینیدا.

٧- نزا و پاڕانەوەی زۆر و سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (د.خ).

## ئەو کارانەی نوێژخوێن دوای چونی بۆ نوێژی هەینی، جێبەجێیدەکات:

١- لەگەڵ چوونە ناو مزگەوت دوو ڕکات نوێژی (تحية المسجد) دەکات.

٢- چەند بوار هەبوو نوێژی سوننەت بکات (پێش وتاری هەینی).

٣- گوێگرتن لە وتاری هەینی بە بێدەنگی و ئارامی و ملکەچییەوە.

٤- گوتارخوێن دوای وتارەکەی لەسەر دوانگە دێتە خوارێ و پێشنوێژی دەکات بۆ ئامادەبووان، نوێژی هەینی، دوو ڕکاتە و پێشنوێژ بە دەنگی بیستراو قورئانەکەی تێدا دەخوێنێت.

## چەند سەرپێچیەکی موسوڵمانانی نوێژخوێنی هەینی:

١- دواکەوتن لە چوون بۆ مزگەوت.

٢- هەنگاونان بەسەر نوێژخوێنانی تر و ئازاردانیان.

٣- پشتکردنە گوتارخوێن لەکاتی وتاریدا.

٤- خەوبردنەوە لەکاتی گوتارخوێندندا.

٥- قسەکردن لەکاتی گوتاردا، یان نانەوەی دەنگە دەنگ.

٦- گوێنەگرتن لە گوتار و خۆ خەریککردن بە تەسبیح و هەرشتێکی تروە.

## گفتوگۆ

١- کەی کاتی نوێژی هەینییە؟

٢- بە بەڵگە کە نوێژی هەینی فەرزە؟

٣- مەرجەکانی فەرزبوونی نوێژی هەینی بڵێ؟

٤- مەرجەکانی دروستی نوێژەکە چین؟

٥- سودەکانی نوێژی هەینی کامانەن بیانژمێرە؟

٦- گرنگترین ئادابەکانی نوێژی هەینی چین؟

٧- نوێژی هەینی چەند ڕکاتە؟ خوێندنی قورئان تیایدا بێدەنگە یان بەدەنگەوەیە؟

٨- هەندێك لەو کارانەی نوێژخوێنی نوێژی هەینی بژمێرە ئەگەر بیانکات بە سەرپێچی دادەنرێن؟

# وانەی بیست و یەك

# نوێژی جەژن



## پلەی هەردوو جەژن:

لە ئاینی ئیسلامدا دوو جەژن هەیە، کە موسوڵمانان خۆشی دەردەبڕن تیایاندا:

١- **جەژنی ڕۆژ و شکاندن ( ڕەمەزان ):** دوای تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان، موسوڵمانان دڵخۆشی دەردەبڕن و جەژن دەگێڕن، بەهۆی زاڵبونیان بەسەر دەرونیان و بەڕۆژ و بوونیان لە مانگێکی تەواودا، بۆیە یەکەم ڕۆژی مانگی (**شەوال**) بە جەژنی ڕۆژ و شکاندن دادەنرێت، وەك سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر تەواوکردنی ڕۆژوی ئەو مانگە.

٢- **جەژنی قوربان:** یادکردنەوەی ڕزگاربوونی ( **ئیسماعیل** ) پێغەمبەرە(س.خ) لەسەر بڕین و بەشداریکردن لەگەڵ حاجیان لە خۆشی حەجکردندا، ئەویش ڕۆژی (١٠)ی زیلحەجەیە.

## له واتاكانی جەژن:

١- خۆشـنودی موسـوڵمانان بەتەواوكردنـی فـەرزی ڕۆژوگرتـن، هەروەهـا بەشـداریكردنی حاجیەكانـی ماڵـی خـوا لـە بەجێهێنانـی ڕێورەسـمی حەجـدا.

٢- كۆبونـەوەی موسـوڵمانانی هـەر ناوچـە و ناوەندێـك لـە مزگەوتەكانـدا وەك بەرجەسـتەكردنی سـروتە ئاینیـەكان.

٣- سـەردان و پیرۆزبایـی جەژنكـردن لـە یەكتـر، بەمەبەسـتی بەهێزكردنـی برایەتـی و پەیوەنـدی نێوانیان.

٤- كەناڵێكـی هاوكاریكردنـی هـەژار و دەسـتكورتانە، بـە پێبەخشـینی سـەرفترە (سـەدەقەی فیتـر) لە جەژنی ڕەمەزان و قوربانـی و خێركـردن لـە جەژنـی قوربانـدا.

## ئادابی (ڕێورەسمی) نوێژی جەژن:

١- خۆشتن و بۆنخۆشی و پۆشینی بەرگی خاوێن و جوان.

٢- خواردنـی چەنـد پارچـە شـیرینیەك پێـش چوونـە دەرەوە بـۆ نوێـژی جـەژن، لـە جەژنـی ڕەمەزانـدا، وەك هێمایـەك بـۆ بـە ڕۆژ و نەبـوون.

٣- چوونی پێشوەخت بۆ نوێژی جەژن.

٤- گوتنی بەردەوامی (**الله اكبر**) و یادی خوا لەو ڕۆژانەدا.

٥- پیرۆزبایـی ئاراسـتەكردنی موسـوڵمانان بـە وشـەی (**تقبـل الله منّا و منكم**) واتـە: خـوا لە ئێمە و ئێـوەش قەبـوڵ بـكات.

٦- سونەتە لەو ڕێگایەوە نەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، كە پێیدا چوویت بۆ نوێژی جەژن.

٧- ئەم نوێژە سونەتە و باشتر وایە منداڵان و ئافرەتانیش تێیدا بەشدار بن.

## چۆنییەتی نوێژی جەژن

١- بە چەند خولەکێك دوای ئەوەی ڕۆژهەڵدێت موسوڵمانان ئامادەی نوێژی جەژن دەبن لە ماڵی خوادا.

٢- نوێژی جەژن نە بانگی بۆ دەدرێت و نە قامەتی پێویستە، پێش نوێژیش بە دەنگی بیستراو ئایەتەکان دەخوێنێت.

٣- نوێژی جەژن دوو ڕکاتە، و بەم شێوەیە:

ئـ- پێش نوێژ و نوێژ خوێنان، دوای (الله اکبر)ی نوێژ دەستپێکردن حەوت (٧) جار (تەکبیر) دەکەن پێش خوێندنی سورەتی فاتیحەی ڕکاتی یەکەم، و پێنج (٥) جاریش بەهەمان شێوە لە ڕکاتی دووەمدا.

ب- دوای ئەنجامدانی نوێژی جەژن، گوتارخوێن دەچێتە سەر دوانگە بۆ خوێندنەوەی وتاری جەژن.

٤- دوای تەواوبوونی وتارەکە و هاتنە خوارەوەی گوتارخوێن لەسەر دوانگە، ئامادەبووان جەژنە پیرۆزە لە یەکدی دەکەن.

## گفتوگۆ

١- جەژنی ڕەمەزان ڕێزلێنانێکی خواییە لە موسوڵمانان، هۆی ئەم ڕێزگرتنە چییە؟

٢- لە کام جەژندا و کەی قوربانی دەکرێت؟

٣- گرنگترین ئادابی جەژن چییە؟

٤- نوێژی جەژن چەند ڕکاتە؟ جیاوازی نێوان ئەم نوێژە و نوێژی هەینی چییە؟

٥- گرنگترین واتا بەرزەکانی جەژن، کامانەن؟

## ڕاهێنان

**نیشانەی ( ✓ ) لەبەردەم دەستەواژەی ڕاست و نیشانەی ( × ) لەبەردەم هەڵەکان دابنێ:**

١- نوێژی جەژنەکان لە ماڵەوە دەکرێت.

٢- خوێندنی قورئانی نوێژی جەژن بێدەنگ و نهێنیە.

٣- پێش چوونە نوێژی جەژنی ڕەمەزان باش نییە هیچ بخورێت.

٤- نوێژی جەژن بانگدانی پێویست نییە.

٥- گوتاری جەژن پێش نوێژی جەژن دەخوێندرێتەوە.

# وانەی بیست و دوو
# نوێژی سەفەر



خـوای میهرەبـان مۆڵەتـی داوە نوێژکـردن لـە سـەفەردا کـورت و کۆبکرێتـەوە، بـە مەبەسـتی ئاسـانکاری و پاسـاو نەهێنانـەوە بـۆ نوێـژ نەکـردن.

بـەم شـێوەیەی خـوارەوە:

١- **کورتکردنـەوە:** بریتییـە لـە کورتکردنـەوەی نوێـژە چـوار ڕکاتیـەکان بـۆ دوو ڕکات، بـەڵام نوێـژی بەیانـی و شـێوان ناگرێتـەوە. بە پێـی ئـەم ئایەتـە پیـرۆزە: ( وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ) (النسـاء ١٠١). هەروەهـا فەرمـودەی پێغەمبـەر (د.خ) **(صدقة تصدَّق اللهُ بها عليكم فاقبلوا صَدَقتة)** .

## حوکمی کورتکردنەوە:

سونەتێکی گرنگە و مۆڵەت و خەڵاتی خوایە بۆ بەندەکانی.

ئەنـدازەی مـاوەی کورتکردنـەوەی نوێـژی سـەفەر: زانایـان فەرمویانـە ئەندازەکـەی ٨٤ کیلۆمەتـر و سـەروترە، ئـەو ئەندازەیـە بـە هـەر هۆکارێکـی ڕێگابڕیـن و (سـواری) بێـت جیـاوازی نییـە.

تێبینـی: ئـەو ڕێبـوارەی لـە پشـت پێشـنوێژێکی نیشـتەجێوە نوێژبـکات نابێـت نوێـژ کورتبکاتەوە بەڵکـو لەگەڵیان تـەواوی دەکات.

٢- كۆكردنەوەی دوو نوێژ: بەم شێوەیە دەبێت :

ئـ - نوێژی نیوەڕۆ، نوێژی ئێوارە + كۆدەكرێتەوە، یان لەگەڵ نیوەڕۆ، یاخود بە كۆكردنەوەی دواخراو واتە نیوڕۆ بردنە لای نوێژی ئێوارە.

ب - نوێژی شێوان + نوێژی خەوتنان، یان بە پێشخستنی خەوتنان لەگەڵ شێواندا یان بە پێچەوانەوە، بە كام شێوە ئاسان بوو بۆ ڕێبوار ئاساییە.

پـ- نوێژی بەیانی، لەگەڵ هیچكام لە نوێژەكانی تردا كۆناكرێتەوە.

## چۆنییەتی كۆكردنەوە و كورتكردنەوەی نوێژەكان:

١- نوێژی نیوەڕۆ بە دوو (٢) ڕكات و سڵاودانەوە.

٢- نوێژی ئێوارە بە دوو (٢) ڕكات و سڵاو دانەوە.

٣- هەردوو نوێژ بەدوای یەكتردا دەكرێت، بەبێ ئەوەی نوێژی سونەت و قسەكردن لە نێوانیاندا بكرێت.

## گفتوگۆ و چالاكی

١- دانایی و پەند لە بڕیاردان لەسەر نوێژی سەفەر چییە؟

٢- كورتكردنەوەی نوێژ چۆنە؟

٣- مەبەست لە كۆكردنەوەی نوێژ لە سەفەردا چییە؟

٤- چۆنییەتی (كورت و كۆ) كردنەوەی نوێژی ئێوارە لە پێشخستندا باس بكە؟

٥- نوێژی سەفەر بۆ ڕێبوار........ گرنگە و هەردوو نوێژی .......و ........ كورت ناكرێنەوە، زانایان ئەندەزای ماوەی نوێژی ڕێبوارانیان بە ........ كیلۆمەتر داناوە و نوێژی شێوان لەگەڵ ......... كۆدەكرێتەوە.

٦- شیكاری ئەم ڕستانە بكە:

١- ڕێبوار نوێژەكەی بە تەواوی دەكات، گەر لە پشت پێشنوێژی نیشتەجێوە نوێژی كرد.

٢- نوێژی بەیانی لەگەڵ هیچ نوێژێكی تر كۆناكرێتەوە.

# وانەی بیست و سێ
# نوێژە بارانە (صلاة الاستسقاء)



## گرنگی ئەم نوێژە:

ژیانی ئادەمیزاد و گیانەوەران و ڕووەك بە ئاوەوە بەندە، خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ ) (الانبیاء٣٠) لەکاتی دواکەوتنی باران و وشکە ساڵیدا، موسوڵمانان پەنا بۆ پاڕانەوە و نوێژەباران دەبەن، بە ئومێدی باران بارین، ئەمەش سونەتێکی چەسپاوە.

## نوێژەبارانە چۆن ڕێکدەخرێت:

باش وایە پێشەوای موسوڵمانان پێش چەند ڕۆژێك ڕایگەیەنێت، تا موسوڵمانان خۆ ئامادەبکەن بۆ نوێژەباران و پەشیمان بوونەوە (تۆبە) و واز لە گوناه بهێنین و پابەندی پەرستش بن.

ئەم نوێژە بانگی بۆ نادرێت، نە قامەت، بەڵکو بە وشەی ( الصلاة جامعة ) بەرپا دەبێت، باشتر وایە نوێژکەران بچنە دەرەوەی شار یان گوند، و تەنانەت گەر ئاژەڵدار بوون پێش خۆیانی بخەن. ژمارەی ڕکاتەکانی ئەم نوێژە دوانە و پێش نوێژ بە دەنگی بیستراو ئایەتەکان

دەخوێنێـت و زیكـرەكان دەكات،  وەك نوێـژی جـەژن بەجێدەهێنرێـت. لـە ڕكاتـی یەكەمـدا دوای فاتیحـە سـوڕەتی (أعلـی) و لـە ڕكاتـی دووەمـدا سـوڕەتی (غاشـیە) لەلایـەن پێشـنوێژەوە دەخوێنرێـت. پاشـان وتـار دەخوێنێـت و نـزا و پاڕانـەوە بـۆ بـاران دەكات و نوێژخوێنـان ئامیـن دەكـەن.

پێشـنوێژ ڕودەكاتـەوە ڕوگـە و پۆشـاكی سـەرەوەی بـەری خـۆی، قۆڵـی ڕاسـت بـەلای چەپـدا و چـەپ بـەلای ڕاسـتدا هەڵدەگێڕێتـەوە و دەیپۆشـێت. نوێـژ خوێنانیـش بـە هەمـان شـێوە و پـاش پاڕانـەوە بـڵاوەی لێدەكـەن.

## نزا

نزا و پاڕانەوەی پێغەمبەر (د.خ) لە نوێژە بارانەدا:

**(اللهـم أسـقِنا الغيـثَ ولا تَجعلنـا مـن القانِطيـنَ،  اللهـم أنبِـت لنـا الـزرعَ،  وأنـزِل علينـا بـركات السـماءِ،  وأنبِـت لنـا مـن بـركات الارض،  اللهـم اكشِـف عنّـا البـلاءَ،  اللهـم إنـا نسـتغفرك،  انَّـك كُنـتَ بنـا غفّـاراً،  فأَرسـلِ السـماءَ علينـا مـدراراً،  اللهُـمَّ إسـقِ عبـادَك،  وبهائمـك،  وانشُـر رحمتَـكَ،  وأحـيِ بلـدَك الميِّـت)**.

## گفتوگۆ

١- واتای نوێژەباران (صلاة الاستسقاء) چییە؟

٢- حوكمی نوێژەباران چییە و چەند ڕكاتە؟

٣- نوێژەباران جیاوازی لەگەڵ نوێژی جەژن چییە بینوسە؟

٤- لـە نوێـژە بارانـدا ............... ناوترێـت،  هەروەهـا ............... ناكرێـت،  بەڵكـو بـە وشـەی ............... بانگـی بـۆ دەكرێـت. بـاش وایـە لـە ............... شـار بەجێبهێنرێت، باشتریشـە پێشـەوای موسـوڵمانان بـە ............... پێـش نوێژەكـەر ڕابگەیەنێت.

# وانەی بیست و چوار

# نوێژی خۆرگیران و مانگگیران





خۆر و مانگ نیشانە و بەڵگەن لەسەر مەزنی بەدیهێنەریان، گەر زەوی کەوتە نێوان خۆر و مانگ ئەوا (مانگگیران) ڕوودەدات، کاتێکیش مانگ دەکەوێتە نێوان خۆر و زەوی، خۆرگیران ڕوودەدات. لە ئاینی ئیسلامدا بە سونەت دانراوە لە کاتی ڕوودانی ئەو دوو دیاردەیەدا دوو ڕکات نوێژ بکرێت.

## چۆنیەتی نوێژەکە:

ئەم نوێژە دوو ڕکاتە هەر وەکو نوێژی جەژن وایە بە پێی وتەی ابن عباس کە دەڵێت ( صلى النبی - صلى علیه وسلم - رکعتین فی العیدین)

واتا: پێغەمبەر (د.خ) دوو ڕکات نوێژی کرد بەهەمان شێوەی دوو ڕکات نوێژی جەژن.

ژمارەی تەکبیرەکان و ئەوەی لەهەردوو ڕکاتەکاندا دەخوێندرێت هەرهەمان هاوشێوەی نوێژی جەژنە کەسورەتی ( اعلى) لە ڕکاتی یەکەم لە دوای (فاتیحە) ، و سورەتی (غاشیە) لە ڕکاتی دووەم لەلایەن پێشنوێژەوە دەخوێندرێ. ئەم نوێژە لە ڕکاتی یەکەمدا حەوت تەکبیرەی تێدایە، تەکبیرەی دەسپێك، لەدواییدا سورەتی (فاتیحە) دەخوێندرێ، ئەمجا سورەتی (اعلى) دواتر (پێنج) تکبیرە لێدەدرێ، دواتر دەچنە ڕکوع ئەوسا هەستانەوە دواتر دوو سوژدە دەبەن. ڕکاتی دووەمیش لەدوای سورەتی (فاتیحە) پێشەوا سورەتی (غاشیە) دەخوێنێ ئەمجا دوو ڕکوع و هەستانەوەو دوو سوژدە دەبردرێ، دوایی تەحیات دەخوێندرێ و سەڵەوات لەسەر پێغەمبەر (د.خ) لێدەدات دواتر سەلام دەداتەوە هەروەك نوێژی جەژن . خوای گەورە دەفەرموێت:

**( انَّ الشَّمسَ والقمر ایتان من أیات الله لا ینکسفان لموت أحد ولا لحیاته، فاذا رأیتم ذلك فَصَلُّوا وادعوا الله تعالى ).**

# وانەی بیست و پێنج
# ئادابی فێرکردن

هەر دوو برای گەنج (حەسەن و حوسین) سڵاوی خوایان لێبێت، پیاوێکی بە تەمەنیان بینی بە هەڵە دەستنوێژی دەشوشت، ویستیان بەشێوەیەکی جوان هەڵەکەی بۆ ڕاستکەنەوە، چونکە ئەوە ئەرکی موسوڵمانانە لەنێوان خۆیاندا. پێکەوە لە پیرە مێردەکە چونە پێش و پێیان گوت: مامە گیان ئێمە هەریەکە و بەشێوەیەك دەستنوێژ دەشۆین، بەڕێزت سەیرمان بکە و شێوازی کام دەستنوێژەت پێ ڕاستبوو پێمان بڵێ، تا هەردووکمان پەیڕەوی بکەین. پیاوەکە تێگەیشت لە مەبەستی ئەو دوو گەنجەی خانەوادەی پێغەمبەر (د.خ) و هەڵەکانی خۆی ڕاستکردەوە. ئەمە ئەدەبی بنەماڵەی سەروەرمان بوو، پێویستە ئێوەش، قوتابییانی خۆشەویست هەڵەی یەکدی بەشێوەیەکی جوان و پڕ لە ڕێز و ئەدەب ڕاستکەبنەوە.

**لەم بابەتە فێردەبین، کە:**

١- ڕێنمایی و ئامۆژگاری موسوڵمانان بکەین و وەرگرین، بۆ کاری پەسەند و فێربونی ئاینەکەمان.

٢- پێویستە مامەڵەی بچوك لەگەڵ گەورە ڕێز و ئەدەبی تایبەتی هەبێت. هەروەها گەورەش بەسۆز و میهرەبان بێت و بچوك فێربکات.

٣- ڕەفتاری دروست، با لەمنداڵیشەوە بێت، وەریگرین و پەیڕەوی بکەین.

## گفتوگۆ

١- حەسەن و حوسێن کێن؟ کامیان گەورە تر بوو لە تەمەندا؟

٢- گرنگی دەستنوێژ بۆ نوێژ چییە؟

٣- دەستنوێژی بە ساڵاچوەکە چۆن بوو؟

٤- ئەگەر کەسێکت بینی نوێژ و پەرستشی هەڵە بوو، چی دەکەیت؟

# وانەی بیست و شەش
# بانگخوازی موسوڵمانی کورد
# سەعیدی نەورەسی



## لەدایکبونی:

ناوی سەعید میرزا عەلی خدرە. لە ساڵی (١٨٧٣)ز لە گوندی (نەورەس)ی سەر بە ویلایەتی (بەتلیس) لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادوڵدا، لە بنەماڵەیەکی کوردا لە دایکبووە. لەسەر دەستی چەندین زانای وڵاتی تورکیا زانستە ئیسلامیەکان و زانیاری سەردەمی وەرگرتوە.

## پێگە زانستیەکەی:

ئەم کەڵەپیاوە زیرەکیەکی لە ڕادە بەدەری هەبو، هەروەها توانایەکی فرەی بۆ لەبەرکردن و داکردن پێبەخشرا بوو، هاوکات زۆر دانابوو، هەر بۆیە وەك زانایەکی گەورە ناوبانگی لەهەمو

تورکیا و بەڵکو جیهانی ئیسلامیشی گرتەوە، چونکە لە زانستە ئیسلامیە جۆراوجۆرەکاندا شارەزاییەکی فراوانی هەبوو.
زمانەکانی کوردی، تورکی و عەرەبی، بەباشی دەزانی. چەندین شار و ناوچە دەگەڕا لە پێناو بانگەوازی ئیسلام و گەیاندنی پەیامی پیرۆزی. توانی سەرنجی هەزران فێرخواز و زانا بۆ خۆی ڕابکێشێت، کە کەڵکیان لێدەبینی بۆ وەرگتنی زانستی جۆرا و جۆر و پەیڕەوکردنی بڕێکی زۆر نوسین و پەیامی بڵاوبۆتەوە سەبارەت چەندین جۆری زانست.

## کەسایەتی:

پیاوێکی بوێر و چاو نەترس بوو، لە چەندین بزاڤی ڕزگاریخواز و بەرهەڵستکاریدا ڕۆڵی هەبوە. لە ڕێگای کۆڕ وکۆبوونەوە، بەشێوەی کردەیی لە ڕەفتار و نوسیندا توانی بەرگرییەکی باش لە بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و مافەکانی مرۆڤ بکات. هەر لەبەرئەوەش کە بانگهێشتی بۆ چاکسازی کۆمەلایەتی و سیاسی دەکرد، ڕوبەڕوی دڕندانەترین شێوازی چەوسانەوە دەبۆوە. چەندین ساڵ زیندان و دەربەدەری لەسەر دەستی سیستەمی فەرمانڕەوایی ئەو کاتدا گەواهی لەسەر ئەو ڕاستیە دەدەن.
هەڵوێستی مێژویی ڕاستگۆیانە و مەردانەی بەرانبەر فەرمانڕەوا جۆراوجۆرەکانی تورکیا زۆر بوو، لە وانەش سوڵتان عەبدول حەمید، کەمال ئەتاتورك، سەرەڕای هەڕەشە لێکردن و ناوبەناویش تەماع نانەبەر، بەڵام هیچ دەستبەرداری هەڵوێستەکانی نەبوو، بەڵکو خۆڕاگر و بەهێز بوو، بەشداری لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کردووە و بە دیل گیراوە و دواتر توانیویەتی خۆی ڕزگار بکات، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هەوڵی دامەزراندنی زانکۆیەکی ئیسلامی لە ئاستی زانکۆی (ئەزهەر) داوە، بەڵام هەڵگیرسانی جەنگ بۆتە ڕێگر لە بەردەم ئەم کارە، گرنگی زۆری بەبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری گەلی کوردستان داوە.لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ و چەسپاندنی عیلمانییەت لەسەر گەلی تورکیا و قەدەغەکردنی گشت دیاردە ئیسلامییەکان لەو وڵاتەدا، خۆی بەخت کردووە بۆ پارێزگاریکردن لە پەیوەست بوونی گەل بە ئاینی ئیسلامەوە و بەرەنگار بوونەوەی گشت ئەو هەوڵانەی نیازی لەناوبردنی ئەم ئاینەیان هەبووە.

لەو پێناوەشدا پەیڕەوی خۆی لە ژیاندا گۆڕیوە و لە ژیانی سیاسی دورکەوتۆتەوە و دەستی کردووە بە نووسینی (رسائل النور) پەیامەکانی نور کە لە قورئانەوە وەرگیراون، هەزاران قوتابییش لەسەر دەستی پێگەیشتوون و کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (جماعة النور) دامەزراندوە، کە کاری بانگخوازی بووە، کتێبەکانیش بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراون، لە وانەش زمانی کوردی.

لە ماوەی ژیانی دا وەك باسمان کرد (٢٧) ساڵ لە بەندیخانە بووە، لە ساڵی (١٩٦٠) چۆتە بەر دلۆڤانی خوا، دوای ئەوەی هەزاران لاپەڕە و هەزاران قوتابی (پەیامەکانی نور)ی بە جێهێشتووە.

## گفتوگۆ

١- سەعیدی نەورەسی لە کوێ و کەی لە دایکبووە؟
٢- لە کوێ خوێندنی درێژە پێدا؟
٣- دیارترین سیمای کەسایەتی نەورەسی چییە؟
٤- چۆن توانی ناوبانگی جیهانی بە دەست بهێنێت؟
٥- بەڵگە بێنەوە لەسەر بوێری و چاونەترسی نەورەسی لە هەڵوێست وەرگرتندا؟
٦- هۆی چی بوو چەندین جار خرایە زیندان و دەربەدەر دەکرا؟

# ناوەڕۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٣ |
| | **وەرزی یەکەم** | |
| وانەی یەکەم | بانگەواز و بنەماکانی لە ئیسلامدا | ٥ |
| وانەی دووەم | بانگەواز خوازی کردن بۆ ڕێگای خوا چۆن دەبێت؟ | ٦ |
| وانەی سێیەم | خواپەرستی | ٨ |
| وانەی چوارەم | جۆرەکانی خواپەرستی | ١١ |
| وانەی پێنجەم | وەرگرتنی پەرستش لەلای خوا و مەرجەکانی | ١٢ |
| وانەی شەشەم | مافی خزمایەتی و گەیاندن | ١٥ |
| وانەی حەوتەم | ئادابی سەردان و دەستگرتن | ١٧ |
| وانەی هەشتەم | ڕەوشت و بەها باڵاکانی موسوڵمان | ٢٠ |
| وانەی نۆیەم | شەرمکردن | ٢٣ |
| وانەی دەیەم | بەرپەرچدانەوەی خراپەکاری بە چاکەکردن | ٢٦ |
| وانەی یازدەیەم | سیماو دەرەنجامی (بەرپەرچدانەوەی خراپەکاری بە چاکە کردن | ٢٨ |
| وانەی دوازدەیەم | ئامۆژگاری قورئانی | ٣١ |
| وانەی سێزدەیەم | لێبوردەیی و چاوپۆشیکردن | ٣٣ |
| وانەی چواردەیەم | نەرمینواندن و سۆزیاری پێغەمبەر محەمەد (د.خ) | ٣٥ |
| وانەی پازدەیەم | پاراستنی زمان لە بەدگۆیی | ٣٨ |
| وانەی شازدەیەم | مافی ڕێگاوبان | ٤١ |

# ناوەڕۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | وەرزی دووەم | |
| وانەی حەڤدەیەم | پایەکانی نوێژ و سونەتەکان | ٤٥ |
| وانەی هەژدەیەم | نوێژکردنی بەکۆمەڵ (جەماعەت) | ٤٩ |
| وانەی نۆزدەیەم | نوێژی هەینی | ٥١ |
| وانەی بیستەم | سودەکانی نوێژی هەینی | ٥٣ |
| وانەی بیست و یەك | نوێژی جەژن | ٥٥ |
| وانەی بیست و دوو | نوێژی سەفەر | ٥٨ |
| وانەی بیست و سێ | نوێژە بارانە (صلاة الاستسقاء) | ٦٠ |
| وانەی بیست و چوار | نوێژی خۆر گیران و مانگگیران | ٦٢ |
| وانەی بیست و پێنج | ئادابی فێرکردن | ٦٣ |
| وانەی بیست و شەش | بانگخوازی موسوڵمانی کورد (سەعیدی نەوڕەسی) | ٦٤ |
| | ناوەرۆك | ٦٧ |
| | | |